
ئاخێوی( گفتمانDiscurse )
ڕۆژهەڵاتناسی
زاراوە،ڕەوڕەوەی مێژوویی
ن: ئەفراسیاب گرامی

# ئاخێوی ( گفتمان Discourse )

# رۆژهەڵاتناسی

**زاراوە، رەورەوەی مێژوویی**

**ئاخێوی (گفتمان Discourse) رۆژهەڵاتناسی**


**نووسین: ئەفراسیاب گرامی**

afrasyab_g@yahoo.com


ناخێوی (گفتمان Discourse)
ڕۆژهەڵاتناسی
ن ئەفراسیاب گرامی

**پێرست:**

- دەلاقە
- ئاخێوی رۆژهەلاتناسی

**شەپۆلی یەکەم:**

- رۆژهەلاتناسی کەونارا (باستان)
- قۆناغی یەکەمی رۆژهەلاتناسی لە نێوان حەکایەتو خەیاڵگەریی رۆژئاوا:
- سەدەکانی ناڤین و پەرەسەندنی ئاخێوی رۆژهەلاتناسی:
- پێشگیری لە کۆچی کۆمەڵگای مەسیحییەت بۆ جیهانی ئیسلامی.
- هەوڵدان بۆ لاواز کردنی ئیسلام، وەك تاقە شارستانییەتێکی رۆژهەلاتیو کاریگەر لەسەر کۆمەڵگای رۆژهەلاتی:
- سەدەکانی ناڤین لە ناوەقەی هێژموونی ئایینی لە پرۆسەی رۆژهەلاتناسی
- هاتنی یەهودەکان بۆ نێو بازاڕی رۆژهەلاتناسی
- رۆژئاوا لە دەرباز بوونی لە سەدەکانی ناڤین

**شە پۆلی دووهەم:**

رێنسانس و قۆناخی نوێی رۆژهەلاتناسی

- مۆنتسکیۆ، رۆژهەلاتناسی نوێ و بنیاتنەری رۆژهەلاتناسیی نوێ
- تێڕامانی دیکتاتۆریی رۆژهەلاتی
- پێکهێنانی یەکەمین کۆنگرەکانی رۆژهەلاتناسی
- باندۆری بەجیهانیبوون لەسەر ئاخێوی رۆژهەلاتناسی
- وەك کۆتایی پەیڤ:
- ژێدەر

**پێشکەشە بە قوتابخانەی دێموکرات، کە تێدا فێربووم، بنووسم.**

**هەروەها بە کانیو ئاوی کوردستان.**

## دەلاقە :

قۆناخی نوێی توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی ئەوڕۆكەی ڕۆژهەلاتناسی، بۆتە مژاری كۆڕو كۆمەڵە جیهانییەكان، چ لە ئاستی سیاسی ـ ئابووریو چ لە ئاستی فەرهەنگی ـ شارستانییەتدا، دیاردەیەكی نوێو تێڕامانێكی نوێ لە هەمبەر ڕۆژهەلاتەوە پێناسە دەكرێ. بەسەرنجدان لە گۆڕانكارییەكانی جیهان لە پانتایی نێونەتەوەییداو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژهەلاتناسی لەگەڵ ڕەوتی بەجیهانیبوون یان گلوبالیزم ـ كە وەك پرۆسەیەكی فرە ڕەهەندو فرە چەشن، سنوورە نەتەوەییەكان دەسڕێتەوەو كۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لە گوندێكی جیهانیدا گرێ دەدا ـ ڕۆژهەلاتناسیو بنەمافكرییەكانی بە جۆرێك لە جۆرەكان شانبەشانی قۆناخە مێژوویەكان بە تایبەت، لە ئامبازبوونە دەگەڵ مودێرنیزمو پۆست مودێرنیزم گەشەی كرد. "ئیدوارد سەعید" پێشەنگو ڕەخنەگری ڕۆژهەلاتناسی مودێڕن، بە نوسینی كتێبی ڕۆژهەلاتناسی (orientalism1978)، دەرخەری تێڕامانێكی نوێو جیاواز لە تێڕامانو ڕوانینەكانی ڕۆژهەلاتناسانی ڕۆژئاوایی ڕێبەرێ دەكرا. لە ڕاستیدا نووسینی كتێبی ڕۆژهەلاتناسی، مەبەستێك بوو بۆ وەلامدانەوە بەو بابەتانەی كە لە لایەن ڕۆژهەلاتناسەكانی ڕۆژئاواییەوە نووسرابوو. سەعید، ڕەخنەیەكی نوێو ڕوانگەیەكی نوێ بوو لە بەردەرگای ڕۆژهەلاتناسی ڕۆژئاوایی. وەك خۆی دەڵێ:" ڕۆژهەلاتناسی كتێبێكە كە لە هەورازو نشێوەكانو ئاڵۆزییەكانی مێژووی هاوچەرخ گرێدراوەو

یەکەمین لاپەڕەی بە موسیقای لە شەڕی نێوخۆی لوبنان لە ساڵی 1975 دەست پێدەکا کە لە ساڵی 1990 کۆتایی پێهاتو بەڵام توندوتیژیو خوێنڕێژی تا ئێستا درێژەی هەیە"[1].

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی کۆنو هاوچەرخ بدەینەوە، شایەتی گەلێك دیاردەی جۆراوجۆر دەبین کە لە مێژووی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا کاریگەری هەبووە، رووداوە مێژووییەکان، هێرشو سەرهەڵدانی ئایینەکان، شەڕی ئایینو هێرشی داگیرکەران، ژیانەوەی ئیسلام لە شێوازی بناژۆخوازی (فندەمنتالیزم)، کلونیالیزمو ... هتد تا بە نزیك دوو سەدەی رابردوو کە بە شێوەیەکی بەرین شایەتی کارەساتگەلێکی وەك دووشەڕی جیهانی یەکەمو دووهەم، کۆچی بە کۆمەڵ، هەڵاتنی مێشکەکان، تێکلاوبوونی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا لە لایەن کۆچبەرانەوە، ژیانەوەی ئیسلام لە شێوازی بناژۆخوازی (فندەمنتالیزم)، کێشەی چارەسەر نەکراوی نەتەوەیی چوارپارچەکراوی کوردوکێشەی فەلەستینو ئیسرائیل، شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو...هتد کە بووە هۆیی ئەوە کە پرۆسەی رۆژهەڵاتناسی لە لایەن رۆژئاواوە، بکەوێتەگەڕو لە شێوەی ئەنیستیتۆی توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتناسی ـ بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناڤین ـ قۆناخێکی نوێو دەروازەیەکی نوێ لە هەمبەر ناسینو شرۆڤەکردنی رۆژهەڵات بکرێتەوە. ئەگەرچی رۆژهەڵاتناسی سەرەتا بە شێوەی سیاحەتنامەو بیرەوەری گەڕیدەکانەوە نوسراوەوو لێکدراوەتەوە، یان مەبەستی داگیرکردنو دەستڕاگەیشتن بەسەر رۆژهەڵاتدا بوە. بەڵام لە مێژووی سەدەی رابردوودا،

واتە سەدەی بیستەم دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتناسی لە شێوازی سوننەتی دەگوازرێتەوە بۆ شێوازێکی نوێو مودێڕنو هزرێکی ئاوەزمەندانە بە خۆوە دەگرێ. وەك دەبینین لە نێوئاخنی سەدەی بیستەمدا گەلێك تێڕامانی دژ بەیەك لە ئاست جیهاندا هاتە ئاراوە کە بە درووشمگەلێك وەك: کۆتایی مێژوو، پێکدادانی شارستانییەتەکان، کۆتایی فەلسەفە، دووپات بوونەوەی مێژوو، رادیکالیزمی ئیسلامیو تێرۆریزمو...هتد، ڕۆژهەڵاتناسی وەك پرۆسەیەکی مێژوویی لەمەڕ ڕۆژهەڵات دەکۆڵێتەوەو رووبەڕووی دیاردەی مودێڕنیزمو ئاڵۆزی دنیای هاوچەرخ دەبێتەوە.

ئەوەی کە لە کۆنەوە هەتا ئێستا بە دیاردەی ڕۆژهەڵاتناسی دەناسرێ، نەتەنیا وڵاتانی ئاسیایی، بەڵکوو لە شارستانییەتی ئاسیایی دەکۆڵێتەوەو پەل دەهاوێژێتە، وڵاتانی ئەفریقایی بەتایبەت شارستانییەتی میسریش. واتە ئەوەی کە وەك تەوەری سەرەکیی ڕۆژهەڵاتناسی بێ، ژیاری ڕۆژهەڵاتییە لە بەرامبەر ژیاری ڕۆژئاواییدا. بۆ روون کردنەوەو گرنگی ئەم تێگەیشتنە، هێما بۆ لێکدانەوەی ژیارەکان، لە لایەن کارلیاسپرس، بکەین کە شارستانییەتەکانی جیهانی هێڵبەند دەکا: "ژیارەگەورەکانی مێژوویی کە هەتا سەردەمی هاوچەرخ بە شێوەیەکی بەرچاو، بەردەوام سەریان هەڵداوە بە چوار ناوەندی شارستانی گەورە دابەش دەبن"[2]. کارل یاسپرس، دەڵێ ئەم ژیارانە لە نێوان سەدەی هەشتەم تا پێنجەمی پێش زایین بە ئاستی سەرهەڵدان گەیشتوون کە بریتین لە:

**"1ـ شارستانییەتی چینی (کونفوسیوسو لائۆتسۆ)**

**2ـ شارستانییەتی هێندی (ئووپاشدانو ئاینی بوودا)**

**3ـ شارستانییەتی ئێرانی (زەردەشت)**

**4ـ شارستانییەتی یونانی"یەزدانی(رب النوعی) پێش سوقرات)"[3]**

کارلیاسپرس لە لێکدانەیەکی خۆیدا، لە چۆنییەتی گەشەکردنیان دەڵێ:" ئەم چوار سەرچاوە شارستانییەتە، تا سەدەی 16ی زایینی ، لە شێوەگەلی جۆراوجۆر گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووەو درێژەیان بە ژیان داوە"[4]. لەم رویەوە دەتوانین بڵێین، بە هۆی ئەم تێڕامانەو لێکدانەوەی کارل یاسپرس، ئەوەی کە لە مێژوودا تا دەگاتە ئێستا لە مەڕ رۆژهەڵاتناسییەوە پێناسە کراوە، رۆژهەڵاتناسی دیاردەیەکی شارستانییەتیو ناسینی کولتووری شارستانیەتی بووە. واتە مەبەست لە رۆژهەڵاتناسی، ناسینی جوغرافیایی رۆژهەڵات نەبووە، بەڵکوو تێڕامانێکو تێگەیشتنێك لەمەڕ شارستانییەتی رۆژهەڵات بووە. کارل یاسپرس، چۆنییەتی مانەوەو نۆژەن بوونەوەی ژیارەکان بۆ سەلماندنی لێکدانەوەکەی پێناسە دەکاو دەڵێ: "شارستانییەتی ئێرانی لە سەدەی 7ی زایینی تا سەدەی 16ی زایینی لەژێر پێخەفی شارستانییەتی ئیسلامی خۆی نۆژەن دەکاتەوە، شارستانییەتی یونانی سەرەتا بە ئیمپراتووری رۆمو دوای هەڵوەشاندنەوەی لە سەدەکانی ناڤین، لە لایەکەوە بەشێوەی سیستمی فئودالیسالارو لە لایەکی دیکەوە دەزگای پشکنینی بیروڕا( دستگاه تفتیش عقاید)ی کەلیساو دیکتاتۆری ئایینی سەرهەڵدێنێو هەتا دوای سەدەی 16ی زایینیو بە تێپەڕکردنی رێنسانس، سەرلەنوێ دەژییەتەوەو بەرەو فەلسەفەو موراڵی یونانی کۆنو

هـزری مافخوازانـەی ڕۆحـی یونـانی کـۆن دەگەڕێتـەوە"[5]. لـە ڕاسـتیدا بەهێماکردن بۆ ژیارەکان، دەتـوانین بـە بنەمافکرییـەکانی ڕۆژهەڵاتناسـی بگەین. کەواتە لێرەدا پرسیارگەلێك کە لەم پرۆسەیە سەرچاوە دەگـرێ کـە ڕۆژهەڵاتناسی ئـەرکی وەڵامدانـەوەی بـەو پرسـیارانەیە، وەك ئاخێزگـەی دابڕانی ڕۆژهـەڵات لـە ڕۆژئـاوا چـیە؟ چ هۆکارێـك، ڕۆژهـەڵات دەکاتـە مەملەکەتی خوداکانو ڕۆژئـاوا ناوەنـدی زانسـتو لۆژیـك؟ چ هۆکارێـك ڕۆژئـاوا دەکاتـە مـەکۆی فەیلەسـووفو بیرمەنـدانو ڕۆژهـەڵات مـەکۆی سۆفیو عیرفان؟ چ هۆکارێکـە ڕۆژئـاوا دەبێتـە چـاوگەی تـاك تـەوەرەیی (فردگرایـی یـا ایندیودوآلیسم)و ڕۆژهـەڵات تەسـەوفو سـۆفیگەری؟ چ هۆکارێك ڕۆژهەڵات دەکاتە ناوەندی مەتافیزیكو خورافە، ڕۆژئاوا ناوەندی دنیاخوازی(سیکۆلاریزم)؟ ...هتد. لە ئاخێزگەی ئەم پرسـیارانەدا کـە لـە دیاردەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئاخێوێکـە کـە وەڵامـدەرو شـرۆڤەوانی ئـەم پرسـیارانەیە. هەرچـەند ئـاخێوی ڕۆژهەڵاتناسـی، لـە ڕەوڕەوەی مێژوودا ئامرازێك بـوە بـۆ ناسـینو ڕۆژهـەڵاتو دەستڕاگەیشـتن بەسـەر ڕۆژهـەڵات، بـەڵام ئـاخێوی ڕۆژهەڵاتناسـی ناسـینو شـرۆڤەی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتیە.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە هۆی گرینگییەك کە هەیبووەو هەموو کـات داگیرکەران لە مێژوودا چاوی تەماحیان هەبووە بۆ ئەم ناوچەیەو لە لایەکی دیکەوە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پردەبازی پێوەندی نێوان ژیارەکان بـووە، واتە پردەبازی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو هەوەها ناوەندی فرە نەتـەوەیی،

فرە کولتووری، فرە ئایینی،...و چاوگەی پێکدادانە مێژووییەکان بووە، دەتوانیین بڵێین زۆرترین توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بووەو ڕۆژهەڵاتناسەکانیش لە هەوڵی ناسینی ئەم ناوچەیە بوون. ڕۆڵێك کە ڕۆژهەڵاتناسی لە نووسینو ساخکردنەوەی مێژووی،فەرهەنگی، زمانی،...هتاد، نەتەوەیی کورد هەبووە هەروەها ڕۆڵی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی کورد لەم ئاخێوەدا لە چ ئاستێك هەڵکەوتووە؟ شارستانییەتی کورد تا چ رادەیەك توانیویەتی لەو نێوەدا مانەوەی خۆیی و کاریگەری هەبێ؟

# ئاخێوی رۆژهەڵاتناسی

زاراوەی رۆژهەڵاتناسی، بە عەربی "استشراق"و بە فارسی "خاورشناسی (شرقشناسی)" کە لە وشەی فەڕانسەوی، orientalism "ئۆریانتالیزم" وەرگیراوە، کە لە پێناسەیەکی گشتیدا، دەتوانین بڵێین : زانستێك بۆ لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکردنی هەمووبوارەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی. پێشینەی ئەم پرۆسەیە، پێشینەیەکی دورو درێژە، تەمەنێك کە لەنێو هەموو رووداوەکانی مێژووی رۆژئاواو رۆژهەڵاتو گۆڕانکارییەکانیان، هەڵبەزو دابەزێکی زۆری کردوەو ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە پێڤاژۆی مێژوویی‌دا دەبێتە لانکەی سەرهەڵدانی چەمکی رۆژهەڵاتناسی‌و پرۆسەیەك بۆ ناسینی رۆژهەڵات. تەعبیرو نوسینەکانی ئەرەستوو لە سەر رۆژهەڵات، لێدوانەکانو بیرەوەرییەکانی هێرۆدۆت (باوکی مێژوو)، گەزنەفۆنو حەکایەتی 10هەزار یۆنانی، سەفەرەکانی مارکۆپۆلۆو هەزاران لە هەزار گەشتیارو سەیاحو مێژوونوسو فەیلەسوف،...دەتوانن بە جۆرێك لە جۆرەکانو شێوەیەکی سوننەتی لە رۆژهەڵاتناسی قەڵەم بدەین. دەتوانین جۆرێك لە رۆژهەڵاتناسی لە هەوێنی بیرەوەری‌و گێڕانەوەی ئەفسانەکانو رووداوە مێژوویەکان بێت. بەڵام لە هەمان کاتدا بیروڕای خۆیان لەمەڕ رۆژهەڵاتەوە بووە. ئەم رەوتە درێژەی هەبووە تادەکاتە سەدەکانی ناوەڕاستو دەسەڵاتی کەلیساو سەرهەڵدانی

دەزگای بنەبەڕکردنی بیروڕا، دواتر شەڕیخاچەکان ـ کە بوو هۆی یەکەمین دابڕانێکی بنەڕەتی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات ـ بە قۆناغێکی نوێ لە ناسینو دەستڕاگەیشتن بەسەر ڕۆژهەڵاتەوە بووە، بەم شێوەیە سەدەکانی ناوەڕاست لانکی ئەم بیرە، ڕۆژهەڵاتناسی لەژێرسایەی هزری سەدە ناوەڕاستی بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بەسەر ڕۆژهەڵات گەشەی کرد. ئیدوارد سەعید لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا سێ قۆناخی سەرەکی بۆ ڕۆژهەڵاتناسی دابین دەکا،"یەکەم: چاخی کەونارا(باستان)، دووهەم: چاخی ئایینی (مذهبی)و سێهەم: چاخی مودێرنیزم. هەروەها دەڵێ: ڕۆژهەڵاتناسی لە واقعییەتەکان سەرچاوە ناگرێو لە بنەڕەتدا لە داوێنی بەربڵاو لە لاروخیچی لە بەلارێدا بردنی مەعریفەت ناسی راوەستاوە"[6]. ڕۆژهەڵاتناسی لە درێژەی سێ دەورەی ژیانی خۆیدا بەردەوام لە پێداویستیەکانو ئامرازەکانی لەبەردەستو بارودۆخو هەلومەرجی مێژوویی کەڵکی وەرگرتووەو بە داستان خوێندن، پرۆسەسازی(بەرنامەدارێژەری)، شانۆ نووسی لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە سەرقاڵ بووە"[7]. شایانی باسە ئەوەی کە ئەمرۆ وەك ڕۆژهەڵاتناسی و زانستێك لەمەڕ ژیارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەدوێو سەرەڕای ناسینو لێکدانەوەی ڕوانگەی ڕۆژئاوای، ڕۆژهەڵاتناسی بە هۆی فرە ڕەهەندیو فرەچەشنیو هەوەها ئەو گۆرانکاریانەی کە لە مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتی هاتۆتە ئاراوە، ئەویش وەك چەمکێکی سیاسی ـ فەلسەفی کەوتۆتە بەر دیدی ڕێبازە فکرییەکانی وەك مارکسیزم، لیبڕالیزم، ...هتادو بۆچوونی خۆیان

سەبارەت بەم دیاردەیە دەربڕیوەو لە روانگەی هێژموونی خۆیانەوە سەیری ئەم دیاردەیانە کردوە،" لە روانگەی ئیدوارد سەعیدەوە ڕۆژهەڵاتناسی لە ژێرکاریگەری و لایەنگری لە ئیمپریالیزم ، خەیاڵگەرایی، مێژووخوازی، پۆزیتویسم (اثبات گرایی)، داروینگەرایی، نەژادپەرستی، فرۆیدگەرایی، مارکسیزمو ئیشلینگر گەرایی بووە"[8]. شایانی باسە ڕۆژهەڵاتناسی وەك ئەوەی زانستێکە، وەك ڕێبازێکی ئاوەزمەند ئەوڕۆکە لە نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا جیاوازی بیروبۆچوونو روانگەی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێ. گەڵێك جاریش ڕۆژهەڵاتناسی، باری ئەرێنیو نەرێنی بەخۆوە دەگرێ.

ئیدوارد سەعید لەو باوەڕەدا بوو کە، ڕۆژهەڵاتناسی بریتیە لە: جۆرێك شێوازی ڕۆژئاوا بۆ پێکهێنانی دەسەلات، نوێ کردنەوەی پێکهاتەی ڕۆژئاوا، بوونی خاوەن هێژموونو دەسەلات بەسەر ڕۆژهەڵاتدا. لەو رویەوە ڕۆژهەڵاتناسی ڕێگەیەکە بۆ پێکدادانی ڕۆژئاواییەکانو ڕۆژهەڵاتییەکان، مودێڕنیزاسیون، شێوەیەك پێکدادانی ڕۆژهەڵاتو جیهانی نوێ. شێوازێك کە لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە ڕۆژهەلات، دژایەتی لەگەڵ رەوتی بەجیهانیبوونو وجوودناسیو مەعریفەناسیو نێوان کۆمەلگای نەریتیو کۆمەڵگای مودێڕنەو لەمپەرێکە لەبەرامبەر بنیاتنانی ئەو پێگەیەی کۆمەڵگای مەدەنیو جێگیر بوونی.

لە "فەرهەنگی زانستی سیاسی"دا چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی بەم شێوەیە باسکراوە:

"شێوازێکی ڕۆژئاوایی بۆ دەستڕاگەیشتن بەسەر ڕۆژهەڵات یان توێژینەوەیەك لە بارودۆخ، مێژوو، زمان، داب‌ونەریتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتە. ڕۆژهەڵاتناسی کە حەزی دیتنی ڕۆژهەڵات لە لایەن گەشتیارو سەوداگەرانی ڕۆژئاوایی سەرچاوە دەگرێو لەدایك بووی مەبەستە سیاسیو کۆلۆنیالیستی دەوڵەتانی بریتانیا، فەڕانسە، ڕوسیەی تزاری، هولەند، ئۆتریش‌و ئاڵمان و ...هتاد بووەو بە تایبەت بە هۆیی نوێنەرانی کاروباری دەرەوە پەرەی سەند، ئامرازێك بۆ دەستڕاگەیشتنی ئەو دەوڵەتانە بۆ نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی، چەمکێکە کە وەبیرهێنەرەوەی رابردوویەکی تاڵو بەیانکەری خەسارە سیاسیەکانە کە ڕێگەی ناسینی ڕۆژهەڵاتەوە بە دەستی ڕۆژئاواوە لە ڕۆژهەڵات کەوتووە"[9].

ڕوانین‌و هزری ڕۆژئاواییەکان بە درێژایی مێژوو بەردەوام سەرنجی بەرەولای "ڕۆژهەڵات"و ڕۆژهەڵاتییەکان" بوە. وشەی ڕۆژهەڵاتناسی لە چەندین ڕوانگەوە دەتوانی وێنا بکرێ، لە ڕوانگەی جوغرافیایی‌یەوە، کە مەبەست لە ناسینی جوغرافیایی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی‌ناڤین‌و بە گشتی وڵاتانی جیا لە وڵاتانی ئوروپایی. لە تێڕامانە ئیدۆلۆژییەکان، زۆرتر تێڕامانێکی نێوان ئیسلام‌و ڕۆژئاوا (مەسیحییەت‌و یەهودییەت)و هەروەها تێڕامانەکانی ئیدئۆلۆژیکی بونیادگەری‌و مودێرنیتە. لە ڕوانگەی سیاسییەوە، ڕۆژهەڵاتناسی، دیاردەیەکە بۆ ناسینی ڕۆژهەڵات لە مەترسی دنیایی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر دنیای ڕۆژهەڵاتی‌و هەروەها لە ڕوانگەی سیاسەتوانانی ڕۆژهەڵاتی‌یەوە، ڕۆژهەڵاتناسی سیاسەتێکە بۆ کەمڕەنگ

بوونەوەی ئیسلامو یان سیاسەتیك بۆ كۆلۆنیالیزمێكی نوێ. مانای ڕۆژهەڵاتناسی لە تیڕامانە ئاكادمیكو زانستیدا: بریتیە لە توێژینەوەیەك لەسەر ڕۆژهەڵاتو هەڤپەیڤینێك لەسەر ڕۆژهەڵات. ڕۆژهەڵاتناسی لەسەر ڕۆژهەڵات دەكۆڵێتەوەو پێناسەی دەكاو دەیخاتە بەر تیڕامانە فكرییەكانی خۆیەوە. لە مانایەكی بەربلاوتردا، ڕێبازێكە كە ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا جیادەكاتەوەو بە شێوەیەكی بناغەیی تێڕامانەكان لەسەر ڕۆژهەڵات تاووتوێ دەكاو لە واقیعدا ڕۆژهەڵاتناسی ئیرادەیەكە لەمەڕ شوناسی ڕۆژهەڵاتیو كەڵكەڵەی كولتوورەكانی ڕۆژهەڵاتی.

ئەگەر ڕۆژهەڵاتناسی، بە واتا گشتییەكەی پێناسە بكەین توێژینەوەو ناسینو لێكۆڵینەوەی تەواوی زانستەكانی ڕۆژهەڵات. كولتوور، مێژوو، زمان، ئابووریو...و هەموو بوارەكانی، ئانترۆپۆلۆژی (ئینسان ناسی)، سایكۆلۆژی (دەرون ناسی)، سۆسیۆلۆژی (كۆمەڵناسی)، میتۆلۆژی (ئوستوورەناسی)، ئاركیۆلۆژی (كۆنینەناسی)و بە واتایەكی گشتیی ژیارناسی(تمدن شناسی) كۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دەگرێتەوە، كە پێشینەیەكی دێرینو كۆنو تاڕادەیەكی زۆر درێژخایەنی هەیەو دەتوانین ڕەهەندەكانی ئەم توێژینەوەیە كە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسەكانەوە هێڵبەندكراوەو ئەوڕۆكە لەژێر ناوی ئەنیستیتۆیی ڕۆژهەڵاتناسی پەرەی سەندووە، بخەینە بەرباسو شرۆڤەوە.

"عەزیز ئەلعەزمە" دەڵێ:" ڕۆژهەڵاتناسی بریتیە لە چوراچێوەیەكی مەعریفی لە پێوەندی ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵاتەوە. هەروەها ڕۆژئاواو

رۆژهـەڵات تـەنیا دوو چـەمکی جـوگرافی شارسـتانی نـین لـە خـاڵێکی دیاریکراودا، بەڵکوو دوو چـەمکی خـەیاڵێنو خراونەتـەوە نـاو دارشـتەی ئەوەیەکە رۆشنبیری‌و مێژووی سیاسیە، ئەو لایەنە لە پێوەندی دەسەڵات و دەست راگرتن، کە خۆیی شەقڵی رۆژئاوایی هەیە لە ناو گوتانـەی کـە لـە هزرداو لە خەیاڵدا ئەوی دیکە پێ‌دیاری دەکا. هەروەها لـەو رێگایەشـەوە پێوەندی خودی خۆی‌و هۆشیاری خۆی بەرانبەر بەوی دیکە دەردەبڕێـت"[10] توێژینەوەکان لە مەڕ رۆژهەڵاتناسی لە لایەن ئیدوارد سـەعیدەوە بەکـەڵك وەرگرتن لە تێرامانەکانی فۆکـۆو گرامشـی، رۆژهەڵاتناسـی رەخنەیـەکی کاریگەربوو بۆ ئەو دەقە رۆژئاواییانەی بە درێژایی مێژوو نووسـرابوو. کـە لە روانگەی سەعیدەوە"رۆژهەڵاتناسی ـ ئاخێوی(گفتمـان) رۆژئـاوایی لـە بارەی رۆژهەڵاتەوە ـ لە روانگەی مێژوویی‌یـەوە کردارێکـی روخێنەرانـەی درێژەدارە"[11]کەوابوو رۆژهەڵاتناسی لە روانگـەی مێژوییـەوە دو ئامـانجی هەیـە: ئەکـەم ئـەوە کـە کۆلۆنیـالیزم(پـاوانخوازی)و فرەخـوازی وڵاتـانی رۆژئـاوایی بـووە، کـە وەك پرۆژەیـەك بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی بەسـەر رۆژهەڵات کەوتۆتە گەڕ. دوهەم: بەشێوەیەکی چـاوەڕوانـەکراو سـەرقاڵی قەناعەت پێ‌هێنانی خەڵکانی رۆژهەڵات بووە کە شارستانییەتی رۆژئاوایی شارستانییەتێکی جیهانیەو لەسەروی هەموو شارستانییەتەکانەوەیە.

"برایان ترنر"دەنوسێ:" بەشی سەرەکی رەخنـەی رۆژهەڵاتی‌لەسـەر ئـەم مژارەیە کە ناسـکاری (سـوژە) رۆژهـەڵاتی تایبەتمەندی‌یـەکی زانسـتی ـ

کۆمەڵایەتییە کە ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی کردارێکی جیاواز، پێکهێنـاوە. واتە:

**ڕۆژهەڵات: ڕاوەستاو ← نائاوەزمەند ← دواکەوتوو ← دیکتاتۆریەت**

**ڕۆژئاوا: گۆڕانخواز ← ئاوەزمەند ← گەشەسەندوو ← دیموکراتیك**

"و.گ.کرنان" ڕۆژهەڵاتناس دەڵێ:"خەیاڵی کۆمەڵێك ڕۆژئـاوایی لەسـەر ڕۆژهەڵات"[12] و هەروەها خاتوو هنداستانوپ لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە دەڵـێ: "ڕۆژهەڵات کیانی خەیاڵەکانی منە"[13]، لە کاتێکدا میشێل فۆکۆ دەڵـێ: "هەموو ئەزموونە مەزنەکانی "فلوبر" کتێبی خەیاڵی منەو شانۆیەك لـە بەرامبەر ڕوانینی قووڵی تاکی گۆشەگیری دەڕوانـن، ڕێکخـراوەو لـە نێـو دەقە ڕۆژئاواییەکانو هەڵسەنگاندنەکاندا دەردەکـەوێ کـە ڕۆژهـەڵات لـە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسی دیاردەیەکی دوور لە ڕاستی‌یەو ڕۆژهەڵاتناسی لـە شێوازێکی خەیاڵی‌دا وێنا دەکەن"[14]. بۆیە ئەم تێڕوانینـەش بـە جۆرێـك دەچێتە فۆرمی "ڕۆژهەڵاتناسیی خەیاڵییەوە".

ڕۆژهەڵاتناسی فەڕانسەوی دەڵێ:"ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی هەردەم خێڵەکی‌و ڕۆحانین، سەر بە ڕەگەزی ئاری نین‌و لە یەکتاییش‌دا ڕیشەیان داکوتـاوە"[15] واتــە ڕۆژهــەڵات لــە چوارچــێوەیەکی دوگــم‌و داخــراودا ماوەتــەوەو ڕۆژهەڵاتناسیش پرۆسەیەکی دەرونشیکاری ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕۆژئاواییە.

**ڕۆژئاوا ← سیکۆلاریزم ← تاك تەوەرەیی**

**ڕۆژهەڵات← میتافیزیك ← سۆفیگەری**

"ماکسیم ڕۆدسۆن" دەڵێ:" ڕۆژهەڵاتناسی مەعریفەیەو هەم ئیدۆلۆژی یەکەمیان دەشێ ڕاست بێ یان چەوت، بەڵام هەردووکیان خراپەیەکی ڕەها نیە. هەروەها ئەو ڕێبازانەی کە لەسەر بنچینەی ئاخێوی ڕۆژهەڵاتناسی پێك دێنێ، جا چ پەیوەست بێ چییەتی چین یان نەتەوە یان گەل، ئەمانە ڕێبازی ئایدیالیستینو دوورن لە تێڕوانینی زانستییەوە"[16].

"ماکدۆنالد" ڕۆژهەڵاتناس دەڵێ: "ئەو جیاوازییەی کە عەقڵی ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژئاوایی جیا دەکاتەوە نە هەر تەنیا خێرایی باوەڕکردن بە شتە نادیارەکانە، بەڵکو عەقڵی ڕۆژهەڵاتی ناتوانێت سیستمێك بۆ ئەو شتانەی سروشت دابنێ کە بەچاو دەیانبینی"[17] ئیدوارسەعید میتۆدێکی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ وێناکردنی ڕۆژئاوا وەك ڕۆژهەڵات خەریك دەکاو چڕی دەکاتەوە، ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا دوو تەوەری دژبەیەکدی پێناسە دەکاو ئەو کەمتەر خەمییەی لەهەمبەر ڕۆژهەڵاتەوە، بنیاتنانی سەروەریی ڕۆژئاواییە.

**ڕۆژهەڵات: نائاوەزمەندی ← دیکتاتۆریەت ← نەریتی**

**ڕۆژئاوا: ئاوەزمەندی ← خەڵکسالاری ← مودێڕن**

ئەم تێڕوانینە کاکڵەی سەروەریی تێڕوانینی سەروەرییانەی ڕۆژئاواییە لە مەڕ ڕۆژهەڵات.

ئاخێوی ڕۆژهەڵاتناسی هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنسانس، کە مودێڕنیزم وەك شارستانیەتی ڕۆژئاوا دەرکەوت، لەو کاتەدا بوو ڕۆژهەڵاتو ژیارەکانی ڕۆژهەڵاتی، شارستانییەتێکی هیلاكو پڕوکاو بوو،

بۆیه سەرلەنوێ له لایەن ڕۆژئاواوه پرۆسەی کۆنو مێـژووی ڕۆژهەڵاتناسـی دەکەوێتەوه گەڕو لـه لایـەن ڕۆژئـاواوه بـه کردنـەوەی قوتابخانـەکان ئـەو ناتەواوییـه لـه مێـژووی کـۆندا زینـدوو دەکاتـەوە. لێرەدایـه وشـەی ڕۆژهەڵاتناسـی(orientalism) لـه بەرامبـەر ڕۆژئاواناسـی (occidentism) ڕادەوەستێو ڕۆژهەڵاتناسیو ڕۆژهەڵاتخوازی دەبێتـه بنەمافکرییەکانی شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتیو کەلتووری نەتەوەکانی کۆنو نوێی ڕۆژهەڵات، ڕێنسانسو مـودێڕنیزم دەبێتـه بنـەماو ژێرخـانی بـیری یونانی کۆنو دنیای ئەوڕۆکەی ڕۆژئاوایی. بۆیه لێرەدا به لەبەر چـاوگرتنی ئەم ڕۆەته مێژوویـه لـه درێژایـه مێـژوو، ڕەوتـی ڕۆژهەڵاتناسـی لـه دوو شەپۆلی گەورەی مێژوودا پولین بەندی بکەین:

یەکەم: ڕۆژهەڵاتناسی کلاسیك (سامیناسی، ئاشووریناسی، زمانناسی، کەوناراناسی(باستان شناسی)و...)

دووهەم: ڕۆژهەڵاتناسی مودێڕن (کولتوورناسی، زمانناسی، ئیسلامناسی، ئێران ناسی، کوردناسی، ...)

# شەپۆلی یەکەم:

## 1ـ 1) ـ رۆژهەڵاتناسی کەونارا (باستان)

لە شەپۆلی یەکەمـدا، رۆژهەڵاتناسـی دەبێتـە پرۆسـەیەکی مێـژوویی و رەوتێك کە وەڵامدەری ئەو پرسیارانەیە لە مێژووی کۆنو میژووی دابڕانـی رۆژئاواو رۆژهەڵات ون بووەو هەروەها لـە وەڵامدانـەوەیان ناتوانـێ خـۆی بدزێتەوە، بۆیە ئەگەر دیاردەیەك ئاخێزگەکەی لە مێژوودا رەچـاو بکـرێو مێژوویی کۆن بووبێ بە رچەشکێنی ئەم دیاردەیە، ئەوا رۆژهەڵاتناسی لـە پێناسەی مێـژووی خۆیـدا دیاردەیـەکی مێـژوویو کۆنـە، کـە لـە لایـەن رۆژئاواییەکانەوە لە بەرامبەر رۆژهەڵات بەکارهێنراوە. ئەگەر لاپـەڕەکانی مێــژووی کــۆن هەڵبدەینــەوە، دەبیــنین رۆژهەڵاتناســی لــە نێــوان ئــەو گۆڕانکارییانەی کە لە پێکدادانە مێژووییەکانـدا رووی داوە، نـاتوانین بـە شـێوەیەکی زانسـتیانەو ئاکادمیـك قەڵـەم بـدەین. لـە هـەمان کاتـدا رۆژهەڵاتناسی لە رەوتی مێژووی کۆندا بە دو قۆناغی گرینگ کە رەنـگو بۆی خـۆی هەیـە، تێدەپـەڕێ. ئـەم رەوتـە لـە هێرشـی ئەسـکەندەر وەك دەستپێکی ئەو پێکدادانە مێژووییـە هـەتا دەگاتـە رێنسـانس سـەرەتای نوێبوونـەوەی رۆژئـاواو سـەرهەڵدانی ژیـاری مـودێرنیزم وەك بناغـەی هزرمەنـدی رۆژئـاوا درێـژەی هەیـە، کـە دەبێتـە خولقانـدنی دیـاردەی رۆژهەڵاتناسی بـۆ پـاوان کردنـی رۆژهـەڵات لـە لایـەن رۆژئـاواوە. واتـە پێکدادانی شارستانییەتی یۆنانی کۆن وەك بنەماو پێکهاتـەی رۆژئـاوایو

شارستانییەتی ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی وەك زەردەشت، بودایی، کونفوسیوسو ...هتاد. لە پێشاژۆی مێژووی کۆندا، ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا تووشی دابڕانێکی کولتووریو سیاسیو ئابووری دەبێو تەنیا هۆکاریشی کاریگەرییەکانی ئەو جۆرە ڕامانەیە کە لە نەوەکانیتردا دوپات دەبێتەوەو پەرەدەستێنێ. دووپات بوونەوە لە مێژوودا بە هۆی کاریگەری بیرو هزری نەوەی کۆن لە مێژوو شتێکی تاڕادەیەك کولتووری بووەو مەبەستێکی تاڕادەیەك ئامانجمەند بوە. لە واقیعدا دەتوانین ڕەچەڵەکی ئەو دیاردانەی کە بوە هۆی دابڕانو ئەو بیرکردنەوەیە لە هەمبەر خۆرهەڵات، لە کونو قوژبنەکانی میژووی کۆن بدۆزینەوە. ئیدوارد سەعید بە ئاماژە کردن بە چاخی یونانی کۆن دەیهەوێ بڵێ کە وەك ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسی نەتەنیا بە تەواوی فانتازیایەکی ڕۆژئاوایی لە ڕەوتی مێژووا نەبووە، بەڵکوو کۆمەڵێکی خولقاندووە کە بۆچوونو تێڕامانەکانیانو میتۆدەکانیان لە ئاستی پراکتیکدا لە ڕووبەڕوبوونەوە لە گەڵ نەوەکاندا بە شێوەیەکی بەردەوام لەسەری جەغت کراوەو هەوڵی بۆ دراوە. لە واقیعدا مێژوو هەرچەندە کۆنیش بێ دەبێ ئەزموونەکان و خاڵە سەرەکییەکانی ئەو پێوەندییانە لێکبدرێتەوە، دیارە مەبەستی ڕۆژهەڵاتناسی لێرەدا هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆژهەڵاتو ئەو ڕۆژئاوایەیی کە ڕۆژهەڵاتناسی دەکاتە ئامرازی باشتر پاوان کردنی ڕۆژهەڵات، بۆیە ئەگەر بە باشی لاپەڕەکانی مێژووی کۆنو نوێ وردنەبینەوە ئەوا ئەو ڕەوتە درێژەی دەبێ.

## 2ـــ 1) قۆناغی یەکەمی ڕۆژهەڵاتناسی لە نێوان حەکایەتو خەیاڵگەریی ڕۆژئاوا

هاوکات لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتییو گۆڕانکارییەکانی مێژوو، دروست بوونی ژیارە کۆنەکان لە ناوچەکانی هەر چوار سوچی جیهانەوە، سەرهەڵدانی ژیانی بەکۆمەڵو هەوڵی گەڕانی مرۆڤ بۆ گەیشتن لە شوێنەکانی سەر گۆی زەوی، بووە هۆی ئەوە کە ژیارەکانیش تێکەڵاو بن. کەواتە ناتوانین بڵێین تێکەڵاوبوونی ژیارەکانو کۆمەڵگا کۆنەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان بە ناسین لەسەر یەکدی ناودێر بکەین، یان ڕۆژهەڵاتناسی لە چاوچێوەی مێژوویەکی کورت کراوەی سەدەی بیستەمو بیستو یەکەم پێناسە بکەین. لە هەمان کاتدا هێندێك بیروڕای جیاواز لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕۆژهەڵاتناسی دیاردەیەکی هەڵقوڵاوو لە دایکبووی مێژوویی کۆلۆنیالیزمەو پێ لەسەر ئەوە دەگرن کە بەتەواوی مودێرنەو فڕی بەسەر کۆنەوە نییە، لە لایەکی دیکەوە، هێندێك لەو باوەڕەن کە ڕۆژهەڵاتناسی ڕەوتێکی ناتەواوی مێژووی ڕۆژئاوایە کە لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژئاوادا سەر لەنوێ ئۆرگانیزەو کاناڵیزە بۆتەوە. کەواتە بۆ تیشك خستنە سەر ئەم دیاردەیەو ئاخێزگەکانی لە مێژووی کۆندا، هەروەها شارستانییەتی ڕۆژئاوای کۆن لە هەمبەر ئەو دەستەواژەیەدا،

چیەو لەکوێ سەری هەڵداوە؟ یان ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتناسی کۆن (کلاسیك) چیە؟

"ژیاری کەونارای یونـان، لـە سـەدەی حەوتـەمی زایینـی وردە وردە لـە ڕۆژهەڵاتی ئوروپادا سەریهەڵدا، ژیارێك کـە لەسـەر بنـەمای سیسـتمی پۆلیس کە لە ئارمان شاری یونانەوە، سەرچاوە دەگـرێ، پۆلیسـەکان لـە واقێعدا، دەوڵەت ـ شارەکانی یۆنان بوون کە هەرکام دەسەڵاتی سەربەخۆو خودموختاریان هەبوو، بەڵام لە کاتی هێرشـی داگیرکـەران ئـەم پۆلیسـانە دەبوونە پشتیوانی یەکدی بۆ بەرگری لە زێدو نیشتمانی یونانی کـۆن، لـە لایەکی دیکەوە یونان وەك بنەماو ژێرخانی فەلسەفەو هـزری ڕۆژئـاوایی، بەرهـەمی تێکشـکاندنی نۆرمـە کۆنـەکانو دامەزرانـدنی سیسـتمی دێموکراسی لە لایەن فەیلەسوفانی ئەوکات بوو کە بـووە هـۆی ئـەوە کـە ڕۆژئاوا ببێتە ناوەندی بەهێزی خودئاگـایی مـرۆڤ. مێـژوونوس هێـردۆت( 484ـ 425 پ.ز) و یەکێ لە فەیلەسوفەکانی یۆنـانی کـۆن ئەرەسـتوو (384ـ 322 پ.ز) لەم چاخەدا دەرورێکـی سـەرەکیی دەبینـنو دەبنـە تیۆرسیەنو بنەما داڕێـژی ڕۆژئـاوا. لـەدەرو بـەری ئـەم دەوڵـەت شـارانە هێندیك لە بێگانەکانی ناوچەکانی تر دەهاتنو بـە هـۆی تێکـەڵابوونیان، یۆنانییەکان ئەوانیان بە "بەربـەڕ" بانگیـان دەکـردنو بـە مانـای غـەیرە یۆنانی. لە هـەمان کاتـدا گەشـتیارە کـانی ڕۆژئـاوای کـە ناوەنـدی ئـەم گەڕیدانە(جهانگردان) یۆنانی کۆن بوو کە بۆ ناسینو تێگەیشتن لـە دنیـای دەروەی یۆنان دەکەوتنە گەڕانو بە دوای کولتوورەکان دەگەڕان"[19]. بەریان

(گرایش) بۆ ناسینی رۆژهەلات لێرەوە دەبێتە فانتازییایەکی نامۆ کە ولآتانی رۆژهەلآتی دەکاتە سیمای سەیرو سەمەرەو هەولّی ناسینی ئەو ژیارانەیە. بۆ نموونە گەڕاڵی مێژوونووسی بە ناوبانگ هێرۆدۆت گرینگییەکی تایبەتیی لە مێژووی کارەساتەکان، رووداوەکان،... وەك خۆی، لە میژووی مرۆڤایەتیدا هەیە.

روانگەیەکی دیکە کە لە رۆژهەلآتناسی کۆندا کاریگەری لە سەر بیرو هزری نەوەکانی دوای خۆیو بیری رۆژئاوا داناوە فەیلسووفی یۆنانی ئەرەستووە، روانگەی ئەرەستوو بە ئەندێشەی مرۆڤناسی لە داوێنی ئەودا کە لە یۆنانی کۆندا شێوەیەکی سەروەری هەیە: " بەربەڕەکان( کەسانێك کە ناتوانن بە یۆنانی قسە بکەن)و ئەو بەڕبەڕانەی کە دەوڵەتگەلێکی گەورەیان پێکهێناوە، هەروەکوو ئێرانییەکان، لە راستییدا کۆیلەگەلێکن کە ناتوانن لە باتی بارودۆخی کۆیلەتی گشتیو چوارچێوە داڕێژراو، ژیان دەکەن"[20]. ئەم روانگەیەی ئەرەستوو بۆ سیستمی گشتی کۆمەلایەتیی ئێران، چاولێگەری لە سیستمی دەسەلآتی سەرەڕۆیی ئێرانە. لە روانگەی ئەو بیرمەندەوە، ولآتێکە کە تەواوی خەڵکەکەی کۆیلەنو جیا لە ئاغا یان پاشایەك ئیدی کەسێکیان نیە. بۆیە لێرەدا هۆکاری ئەم تێگەیشتنە لە رۆژهەلآت نەوەکانی دیکە دێنێتە گۆڕەپانی ئەو پرۆسەوەو لە بیروهزری فەیلەسووفەکانی دیکە لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، رێنسانسو دواتر سەدەی بیستەمو بیستو یەکەم گرێدراوەو بۆتە ناوەقەی هزری رۆژئاوا. هەڵبەت ئەو جیاوازییانەی کە لە مێژوودا هەبووەو بەڕادەی ئەو

جیاوازییانە لەگەڵ یەکتردا، ئەم شێوازە لە پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی فۆرم دەگرێو خۆی دەخاتە بیچمێکی تێگەیشتنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش نموونەیەك هەیە کە لە " شانۆنامەی "بارسیان" بەرهەمی "ئاشیلوس" دەست پێدەکات لەو شانۆیەدا ئاشیلوس رووداوێك دێنێتە سەرشانۆ کە لەوەدا ئێرانییەکان لەکاتێکدا دەزانن کە سوپای ئێران بە ڕێبەرایەتیی " خەشایارشا" لە شەڕ لەگەڵ یۆنانییەکان شکست دەخواتو هەست بە بەدبەختیو چەرمەسەری دەکاو دەستەی کۆڕ ئەم قەسیدەیە دەخوێنن:

و اکنون تمام سرزمین آسیا
ناله می‌کند که خالی است
آه، آه، خشایار به پیش راند
نقشه‌های خشایار در زمین و دریا
همگی نقش بر آب شدند
پس چار بر سپاهیان داریوش بزرگ
گزندی وارد نیامد
هنگامی که آن رهبر دوست داشتنی
که از مردمان شوش بود
آنها را به جنگ رهبری کرد"[21]

لەم قەسیدەیەدا لە ڕێگەی خەیاڵپەروەری ئورووپاییەوە دەڵێو پێناسەی دەکا. ئەو سیفەتانەی کە بۆ ڕۆژهەڵات دەڵێ لە جۆرێك لە پێکدادانی ژیارەکان بووەو ئەم ڕەوتەش هەروەها بەردەوام بووە.

له قۆناغی یەکەم دا، بە هۆی هێرش کردنـه سـەر رۆژهـەڵات لـه لایـەن ئەسکەندەری مەقدوونی پێکدانێك له نێـوان دوو ناوەنـدی شارسـتانییەتی رۆژئاوا و رۆژهەڵات دەست پێدەکاو دەبێتەدەستپێکی پێکدادانەکانو شەڕە خوێناوییەکانو له هەمان کاتدا دەبێته هـۆی تێکـەڵاوبوونو پەرەسـەندنی بازرگانییەکان. هاتنی ئەسکەندر وەك یەکەمین هێرشی بەرچـاوو کاریگـەر لـه رەوتـی مێـژوودا، دەتـوانیین وەك تاقـه پێکـدادانێك کـه بـووه هـۆی خولقاندنی بیری رۆژهەڵاتناسی له لایەن رۆژئاواوە. رەنگە مێژوو گـەلێك پێکدادانو تێکەڵاو بوونی هەبوبێو زۆر له هـاتنی ئەسـکەندەریش دەوری خۆی هەبێ، بەڵام وەك ئەوەی باسی لێوه کرابێ (جواهر لعـل نـەهرو) لـه کتێبه بەناوبانگەکەی خۆیدا "چاوخشـاندنێك بەسـەر مێـژووی جیهانـدا( نگاهی به تاریخ جهان)" دەنووسێ: " کاریگەری هێرشی ئەسـکەندەر بـۆ رۆژهەڵات و ئەو پێکدادانه نوێیانه، بوو که له نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئـاوا، هاته ئاراوە. ژمارەیەکی زۆر له یۆنانی‌یەکان هاتنه رۆژهەڵاتو لـه شـارە کۆنەکانی رۆژهەڵات نیشتەجێ بـوون یـان کۆچـبەرانو کۆچـبەری نوێیـان لێکەوتەوە. تەنانەت تەواوی بازرگانی نێـوان رۆژهـەڵاتو رۆژئـاوا بـوونی هـــەبووو بـــەڵام دوابـــەدوای ئەمـــه بـــووه هـــۆی پەرەســـەندنی ئـــەم پێوەندییانه"[22].

رۆژهەڵاتناسی سەردەمی کەونارا دەتوانین لـه چوارچـێوەی فانتازیایـەکی کۆنو پێکهاتەیـەکی کلاسـیك وێنـا بکـەین، واتـه خـەیاڵێك کـه بـەناو رووداوەکـــانو ئەفســـانەکانو ئوســـتوورەکان تێپـــەڕ دەبـــێ، هـــەروەها

ڕۆژهەڵاتناسی چاخی کۆن جۆرێك لە پڕشوبڵاوی نێوان ڕۆژهەڵاتناسی بووە کە دەتوانیین تەنیا لە چوارچێوەی سیاحەتنامەو بیرەوەری ببینین. بۆیە تێڕوانیمان لە کلاسیکی ئەو ڕەوتەیە کە دەبێتە ڕێبازێکی ناتەواوو چاوگەی بیرێکی سەقەت کە لە لایەن نەوەکانی دوای خۆی پێدەگاو گەشەدەکا.

## 3ـ1) سەدەکانی ناڤین و پەرەسەندنی ئاخێوی ڕۆژهەڵاتناسی:

سەدەکانی ناوەڕاست ناسراو بە سەدەتاریکەکانی مێژوو، دەورەیەکی گرینگی مێژوویی لە پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی هەبووەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕەوتی دابڕانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات داناوە. بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیەت لە ساڵی (380ی زایینی)یەوەو سەرهەڵدانی ئیسلام لە سەدەی 6ی زاینییەوەو پێکدادانی دوو ئایینی ئیسلامو مەسیحیەتو پێکهاتنی شەڕی خاچپەرستان لەسەدەی 11 بووە هۆی ئەوە کە بڵێین:" ڕەگی بزاڤی ڕۆژهەڵاتناسی لە سەدەکانی نێوەڕاستەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی خاچەکان هاتە کایەوەو بەو هۆیەوە ڕۆژهەڵات لەو سەردەمەدا بوو بە مایەی بایەخدان لە لای ڕۆژئاوای مەسیحیەتەوە"[23] ئەم دەورەیە لە ڕۆژهەڵاتناسی بە گیرانی "ئەندولوس"، دوورگەکانی دەریای مەدیتەرانەو باشووری ئیتالیا بە دەستی موسڵمانەکان ـ کە بووە هۆی پێشکەوتوویو گەشەکردنی ئیسلام لەو دەورەیەداو بە دەورەی" تەلایی" ئیسلام ناسێندرا

ـ[24] دەستی پێکردو تا نیوەی سەدەی هەژدەهەم درێژەی هەبوو. گەشە کردنی بەرچاوی دنیای ئیسلام لە جیهانداو پەرەسەندنی بەرەو ڕۆژئاواو هەستکردنی کەلیسا بە ڕەوتی گەشەکردنی ئیسلام، لە بارودۆخێکی ئاوەها هەستیاردا کە، لاوەکانی مەسیحییەت بەروە ئیسلام سەرەنجڕاکێش دەبوونو کەلیسا هەستی بە مەترسی کرد بۆ پێشگیری لەو ڕەوتە دوو کاری سەرەکیی کرد:

## 4 ـ1) پێشگیری لە کۆچی کۆمەڵگای مەسیحییەت بۆ جیهانی ئیسلامی

کۆچی بەکۆمەڵی گەشتیارەکانی ئورووپای بۆ وڵاتانی ئیسلامی یەکێکە لەو دیاردانە بوو کە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی بەروەو ڕوویی بوو. کەلیساکان لەبەرامبەر ئەو شەپۆلە لە کۆچ، تووشی زۆر گرفتی ئەوتۆ هاتن. وەك ئەوەی زۆربەی سەیاحەکان، بازرگانەکانو...هتد ڕوویان کردە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتو دواتر لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا تێکەڵاو بوونو جیاوازییەکانو باشییەکانی بەسەر کەلیسادا بەرزدەنرخاند. سەرەکییترین هۆکاری دابڕانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات لەم دەورەیەدا بوو. .لەو پێوەندییەدا "گوستاولوبوون"ی فەڕانسەوی لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا بە ناو "شارستانییەتی ئیسلامو عەرەب" ئەم جیاوازییانە نێوان جیهانی ئسلامو مەسیحییەت بە شێوەیەك هێناویەتە بەرباسو نووسین، ئەو دەنووسێ کە

:" درووست لە کاتێکدا کە دنیای ڕۆژئاوا لە دەمارگرژییەکی وشکی کەلیسا لە ڕەنجو نارەحەتی دابوو، موسڵمانەکان، بە تەواوی بەرەوە شوێنە فەرهەنگییەکان هاتن بە تایبەت یونانی و لەگەڵ وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە بە زمانی عەرەبی، ڕێگەی پێکهێنای شارستانییەتی و پێشکەوتنیان درێژەدار بوونو فێربوون"[25]. بۆیە بەکەڵك وەرگرتن لە هەستی ئایینیو ڕێگەخۆشکردن بۆ بەرزکردنەوزەی جیاوازییەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، کەلیسا توانی ڕۆڵێکی بەرچاو لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەی کۆچو وەرگرتنی فەهەنگی ئیسلامی بگێڕێو ئەم هەنگاوەش لە ڕێگەی ناردنی گەڕیدەکان بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیو وەرگرتنی زانیاری لە سەر کولتوورو ناسنامەی ڕۆژهەڵاتیو خاڵە لاوازەکانی بوو، کەبەم شێوەیە وردە وردە هێژموونی ڕۆژئاوا دەکەوێتەگەڕو پراکتیکەوەو لە نێو پرۆسەیەکی خاوەن گەڵاڵەیەکی دیاریکرا بە واتایەکی دی ڕۆژهەڵاتناسی دەبێتە پرۆسەیەك بۆ هێژموونی ڕۆژئاوا بەسەر ڕۆژهەڵات.

## 5 ـ 1) هەوڵدان بۆ لاواز کردنی ئیسلام، وەك تاقە شارستانییەتێکی ڕۆژهەڵاتیو کاریگەر لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی:

یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی کەلیسا لە سەدەکانی نێوەڕاست لە بەرامبەر هێرشو پەلاماری ئیسلام بەکاری هێناو بە مەبەستی لەمپەرێك لە بەرامبەر هرووژمی کولتووری ئیسلام بۆ نێو ڕۆژئاوا، کردنەوەی

قوتابخانەکان بوو کە لەوێدا سەرەکییترین ئەرکیان فێربوونی زمانو ناردنیان بۆ نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی. لەم دەوریەیەدا کەلیسا، لە کردنەوەی "ئەنجوومەنە مەسیحییەکان" کە لە "وین" پێکهات، بەپێی پێشنیاری "ڕێمون لوول" بڕیار درا کە لە شارە گەورەکانی وەك پاریس، ئەکسفۆرد، سالامانکەو شارەکانی دیکە، سەکۆکانی زمانی عەرەبی، عیبری، یونانی، فارسیو...بکرێتەوە. ڕێمون لوول لەو باوەڕەدا بوو کە لەگەڵ ناسینی زمانی عەرەبی بە ئاسانی دەتوانی لە نێوان عەرەبەکان نفووز بکەیتو ئەوان بەرەوەو مەسیحییەت ڕابکێشی[26].

بەو هۆیەوە لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، یەکەمین هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ناسینێکی تەواو میکانیزەو تەکووز(منظم) و بەردەوام هاتە ئاراوە، بڵام هێشتا ڕۆژئاوا بەوشێوەیە کە ئیستا هەیە ڕۆژئاوا نەبوو، بەو مانایە لێهاتووی پێویست بۆ هێرش بۆ سەر ڕۆژهەڵاتو غەیری ئورووپایی نەبوو. بەڵام وەك ئەوەی دەبینین بە سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازیو نێزیك بە سەدەی 19ی زایینی، ئەم دەورانە نوێیەو ئەو گوژمە نوێیە لە ئورووپاوە بۆ داگیرکردن دێتە ئاراوەو پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی لە داوێنی کلۆنیالیزم درێژە دەدرێو ئورووپاییەکان لە داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتو بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئافریقا، بە توێژینەوەو خوێندنەوەی چاوگەکانی ڕۆژهەڵات پێویستیان زۆر پەیدا کردو بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەوتنە هەوڵو تێکۆشان[27].

## 1ـ6) سەدەکانی ناڤین لە ناوەقەی هێژموونی ئـایینی لـە پرۆسـەی ڕۆژهەڵاتناسی

ئەگەر ڕۆژهەڵاتناسی سەدەکانی ناوەڕاست بخەینەبەرباسو لێکۆڵینەوە، دەبینین کە ئایین ڕۆڵێکی سەرەکیی لەم پرۆسەیەدا دەبینیو تا رادەیەکی زۆریش بە شێوەیەکی رادیکاڵانە دەجولێتەوە کە دەبێتە هۆی پێکدادانو شەڕێکی خوێناویش. دەتوانین بڵێین لەزۆر شوێنەوە کە روانینی ئیسلام بۆ ڕۆژئاواو روانینی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات، روانینێکی پراگماتیستانەو هێرشبەرانە بووە. کەوابوو هەریەکەو بۆ بەلاڕێدابردنی ئەوی دی هەوڵی داوە. لەپاڵ ئەمەشدا ڕۆژهەڵاتناسی وەك دیاردەیەك دەکەوێتە نێو تەنگەژەی ئایینیو لەبەرامبەریدا ڕۆژئاواناسی یان باشتر بڵێین مەسیحییەت ناسی رادەوەستێتو شارستانییەتەکانی دیکەو ئایینەکانی دیکە ڕۆڵێکی وەها لەم پرۆسەیەدا نابینن. لە راستیدا سەدەکانی نێوەڕاست، سەدەی پێکدادانی ئاینی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا ـ ئاینی ئیسلامو مەسیحییەت ـ کەواتە ڕۆژهەڵاتناسی لەم دەورەیەدا لەسەر بنەمای ئاینو هەڵوێستو بەرنامە ئایینییەکان لەبەرامبەر ئاینی ئیسلام دەردەکەویو لەگەڕان بەدوای ڕۆژهەڵاتدایە[28].

## 1ـ7) هاتنی یەهودەکان بۆ نێو بازاڕی ڕۆژهەڵاتناسی

لە ساڵ 1505 زاییینی یەهودییەك بە گەڵاڵەیەك لە پێوەندی هاریکاری هاوبەشی یەهودییەکانو مەسێحییەکان، پێشکەشی پاپ کرد کە لە سێ

خاڵ دا باس کرابوو: "داگیر کردنی جیهانی ئیسلام"، " جیاکردنەوەی بیتالمقدس لە موسڵمانەکان" و " داگیرکردنی فەلەستین بە دەستی یەهودییەکان". کاتێك پاپ ئەم گەلاڵەیە پەسەند کرد، دیاردەی ڕۆژهەڵاتناسی لە لایەن یەهوودیەکانەوە کەوتە گەڕو پراکتیکەوەو دەروازەیەکی نوێ لە لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەڵاتناسی کرایەوە.[29]

## 8ـ 1 ) ڕۆژئاوا لە دەرباز بوونی لە سەدەکانی ناڤین

ڕۆژئاوا لە نویێ کردنەوەی خۆیداو ڕۆچون بەرەوە ڕێنسانسو دەرباز بـوونی خێرا لـە سـەدەکانی نێوەڕاسـت، بناژۆکـانی مێـژووی خـۆی لـە هۆکـارە مادییەکانی خۆی و لە هەمان کاتدا بنیاتە فیکریەکانی دەوڵەت شارەکانی یۆنانی کۆن، لە دوی دەگەڕێو سەر لە نویێ ڕۆژئـاوا لـە گـەڵ فەلسـەفەی یۆنانی بنیات دەنێتەوەو کە ئەمجارە ڕێنسانس دەبێتە مەکۆی بیرەنوێکـانو شورِشێکی گەورەی مرۆڤایەتی، بە گوڕمو گوڕو تینێکـی تـازەو پێکهاتـە شکێنی ئایدیای سەدە ناوەڕاستی دێتە کایـەوە. لـەم گەڕانـەوە بـە سـەر خویدا بە تایبەت مەسێحیەت، ڕواڵەتێکی نویێ کە هـاوڕەنگو پێشـەنگی زانستو مەعریفەی نوێی ڕۆژئاوایـە، سـەرهەڵ ئـەدا. ڕێنسـانس کـە بـە پێشەنگی بنیاتنەری ئـایینی پرۆتسـتان، مـارتین لـۆتێر دەسـت پێـدەکاو ڕواڵەتێکی نویێ لە کەلیساو لە مەسێحییەت نیشـان دەدا. ڕواڵـەتێك کـە تـوانی گۆڕانکارییـەکی گـەورەی مرۆڤایـەتی بخولقێنـێ. ڕێنسـانس ئـەو سەدانەیە کە مرۆڤایەتی نۆژەن دەبێتەوەو ڕۆژئاواش سەرلەنویێ لـە فـۆرمو شێوەیەیەکی دیکە خۆی نویێ دەکاتەوە. واتە ئەگەر لە ڕوانگـەی مێـژووی بڕوانین دەتوانین بڵێین کە ڕێنسانس بە هەموو دیاردەکانیەوە شارستانییەتی نویێو مودێڕنەو دەستپێکی قۆناغی مودێڕنەیە. لەم نێوەدا ڕۆژهەڵاتناسـی دەکەوێتە قۆناخێکی دیکەوە کە بە تەواوی لـە لایـەن ڕۆژئـاواوە لـە نێـو

قوتابخانەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتناسی لە لایەن ڕۆژئاوا دەکرێتەوەو دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەوە.

## شەپۆلی دووهەم: ڕێنسانس و قۆناخی نوێی ڕۆژهەڵاتناسی

ڕێنسانس یان ژیانەوە، ئەو قۆناخەیە لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا بە تایبەت یەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوو کە لە مێژووی ئورووپادا ڕۆڵێکی سەرەکیی بینی‌و توانی گۆڕانکاریەکی زۆر بێنێتە ئاراوەو سیستمی کۆن‌و مێژووی‌و ئایدیای سەدەناوەڕاستی هەڵتەکێنی‌و بنەماکانی ئۆمانیسم (مرۆڤ تەروەرەیی) بە ئاراستەیەکی نوێ‌و لە گەڵ ئاوەزمەندی زانستیانە داڕێژێتەوە. سەدەکانی ڕێنسانس، سەدەی نۆژەن بوونەوەی کۆمەڵگاو دەستپێپێکی قۆناغی مودێرنەی مرۆڤایەتیەو تێکشکاندنی دەسەڵاتی کەلیسا[30].

(Renaissance) یان ڕێنسانس، بزاڤێکی ڕۆشنگەری بوو کە لە لایەن ڕۆژئاواوە، دەستپێکی دەورانێك لە شۆڕشەکانی فەرهەنگی ، ئاینی، زانست،...گەشەی کرد. ئەم بزووتنەوە لە سەدەی پازدەهەم دەستی پێکردو هەتا دەورانی نوێی شۆڕشی پیشەسازی بەردەوام بوو. لەبارەی ڕێنسانس‌و سەدەکانی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری، لە ڕۆژئاواو هزری ڕۆژئاوایی تەنیا دەتوانین لەچەند قۆناغی هزرمەندانە گەشەی کرد. نێهیلیزم ( Nihilism)، خودبنیاتی (Subjectivity)و هاتنە نێو قۆناخێك بە نێو شەپۆلەکانی مودێرنیتە (Modernity)و مودێرنیزم (Modernism)، ئەزموونێك بوون کە بوونە هۆکاری گرنگی‌و پێداگرتن لە جیهان‌و ڕاڤەی نوێی جیهان‌و دەروازەیەکی نوێ لە ناسینی جیهان، کە ئاکامەکەی ناسین‌و شرۆڤەی وڵاتانای ڕۆژهەڵاتی بوو کە لە

سەرەتای ڕێنسانس دەستپێكو گوژمو تاوی لە سەدەی نۆزدەهەم لەگەڵ کلۆنیالیزم، تێکنۆلۆژی سەدەی بیستەمو گلوبالیسمی هەزارەی سێهەم، ڕۆژهەڵاتناسی دەبێتە ئاخێوی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان. "بەم شێوەیە کە بزاڤی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەنجامی ئەوەکە لە سەدەکانی 18/19دا پەرەسەندنێکی سەیر بەخۆوە دەبینێو لەمبارەیەوە شاعیرێکی فەڕانسەوی لە پێشەکی کتێبەکەی بە ناو "ڕۆژهەڵاتیانە"دا دەڵێ:لەپشت لێکۆڵینەوەکان لەمەڕ ڕۆژهەڵات هەنگاوی ئەوتۆیان نەنا ببوو وەك ئەوەی ئێستا ناویەتی، بۆیە لەسەردەمی لویسی چوارەمدا کە مەیلی ڕێبازی هێلینیست زاڵبوو بەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر ڕۆژهەڵا ئەنجام دەدران، بەڵام ئەوڕۆکە سەردەری هەرتەنیا بۆ ڕۆژهەڵاتناسییە" [31]

## 2ـ1) مۆنتسکیۆ، ڕۆژهەڵاتناسی نوێو بنیاتنەری ڕۆژهەڵاتناسیی نوێ

مۆنتسکیۆ ئەوەی کە لە بارەی ڕۆژهەڵاتو بارودۆخی ئیسلام دەڵێ، زۆربەی جەخت کردنێکە لەسەر ئەو سیاحەتنامانەی کە لە ڕێگەی ناسینی ڕۆژهەڵاتەوە نووسراون. ئەو باسو خواستانەی کە دەم بە دەم لە نێو کولتووری خەڵکی ڕۆژهەڵات باوەو، هەروەها هێندێك لەو کتێبانەی کە لە پێوەندییەکانی یۆنانو ڕۆژهەڵاتەوە نووسراون. ڕۆحی یاساکان (روح القوانین)ی مۆنتسکیۆ، کتێبێك کە لە لایەن بیرمەندانی ڕۆژئاواییو

ڕۆژهـەڵاتی سەرچـاوەیەکی بـەنرخ بـوو. بۆیـە گـەلێك بـاس‌و مناقشـەی سەبارەت بە ڕۆژهـەڵات‌و ڕۆژئـاواو فەرهـەنگی ڕۆژهـەڵاتی بـاس دەکـا. مۆنتسکیۆ لە کۆتایی بەندی 45 کتێبی 28ی ڕۆحی یاساکان دەنوسێ:" تۆێژینەوەکان لەسەر یاساکانی فەڕانسە تەواو نیە و ئێسـتا مـن وەك ئـەو زێڕفرۆشـە وام کـە بـۆ دیتنـی ئاسـەوارەکانی ئـەهرامی میسـر بـۆ ئـەو ولاتەرۆیشت‌و تەنیا چاوێك پێداخشاندو بی ئـەوەی کـە شـتێکی دیکـەی بینیبێ"[32] لە واقیعدا دەتوانین بلێین کە ئەم وتەیەی مۆنتسکیۆ بە نارێـك بزانین کە ئاوەها بڕیار دەدا." بە تایبـەت لـە هەمبـەر ڕۆحـی یاسـاکانی ڕۆژهەلات، چونکە ئەو نەتـەنیا چـاوی بـە ئـەهرامی میسـر نەخشـاندوە بەلکوو بەپێی بۆچوونی کەسانی دیکە پێداگرەو لەو پێوەندییـەدا دەتـوانین بلێین کە بینەرانی ئەهرامی میسر یەکجار لـە راسـتییەکانی بـەدوور بـن، ئـەوا دەتـوانین بلـێین کـە مۆنتسـکیۆ دو بەرابـەر لـە راسـتییەکان بـە دوورە"[33]. ئەمە بۆچوونێك بوو کە لە لایـەن ڕۆژهەلاتییەکانـەوە، لەسـەر ڕوانگەی مۆنتسکیۆ، سەبارەت بە ڕۆژهەلات‌و ڕۆحی یاساکانی ڕۆژهـەلات باسکراوە. لە سەردەمی مۆنتسکیۆدا، ڕۆژهەلات وەك شـتێك جـادوویی‌و خەیالی وابوو، کە ئەویش لە چیرۆکەکانی هەزارویەك شەو (هزارو یك شب) وەك ئەفسانەیەك دەهاتە پێش چاوو وێنا دەکرا.

## 2ـ3) تێڕامانی دیکتاتۆریی ڕۆژهەڵاتی

یەکێك لەو تێڕامانە فیکرییانەی کە مێژوونووسانو گەڕیدەکانی ڕۆژئاوایی لە سەرەتاوەو لە نوسینەکانیاندا باسیان لێوە کردوە، تێڕامانی دیکتاتۆریەتو سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییە کە بەردەام کاریگەری لەسەر ڕۆژئاوا داناوە. تیۆریەك کە لە سەدەی ڕۆشنگەریدا دەرکەوتەکانی هەبووەو بە شێوەی تێڕامانێکی هزری ویت فوگولّ لە توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی کەوتۆتە بەرچاو. تیۆری دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی، بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییانە فکرییەی ڕۆژئاوا لە ڕێنسانسو پێگرتنی لە سەدەی هەژدەهەم. لە کاتێکدا کە ئوروپا پێدەنێتە گۆڕانو گۆڕانخوازیو ڕۆژهەڵات بەرە دواوە دکشێتەوە، شارستانیەتە ڕۆژهەڵاتییەکان لە گرنگی دەکەونو هەوڵی پێویست بۆ نۆژەن کردنەوە نادەنو گەڕانەوە بۆ بنەما سوننەتییەکان بە تایبەت سوننەتەکانی ئاینی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تیۆری دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتییەو بەو واتایە کە ڕۆژئاوا دەبێتە مەکتەبی تاك تەوەرەییو ڕۆژهەڵات سوننەتیو عەشیرەیی یان بڵێین ئایینخوازی بونیادگەرییانە. لە کاتێکدا کە تیۆریی دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی دەبێتە سەرچاوەی ژیاری ڕۆژهەڵاتو یەکێ لە بنەما کولتووریو نەریتی لەسەر ڕۆژهەڵاتو یاساکانی ڕۆژهەڵاتی، ئەو هزرە دەخاتە نێو ئاخێوەی ڕۆژهەڵاتی کە ئیستبدادی ڕۆژهەڵاتی بە مانای ترسێنەرو خوڵقاندنی ئەم ترسەو لە لایەکی دیکەوەدیکتاتۆریەتی ڕۆژئاوایی لەسەر بنەمایی هزرو ئەندیشەی ڕۆژئاواییە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەم ترسەو خوڵقاندنی

ترسیش یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئاخێوی رۆژهەڵاتناسییە کە لە لایەن رۆژهەڵاتناسانی رۆژئاواییەوە خراوەتە بەر لێکۆڵینەوەو راڤەوە. بە گشتی تیۆری ئیستبدادی رۆژهەڵاتی، تیڕامانێکە لە ئیستبدادێك کە هەموو کات بە شێوەیەکی بەرین بەسەر خەڵکانی رۆژهەڵاتی سەپاوە. کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی دامەنگیری جۆرێك ترس بووە کە هەست پێدەکرێ‌و دەروناسانی رۆژئاوایی لەسەر ئەو باوەڕن کە جۆرێك خوڵقاوە کە رۆژهەڵات مرۆڤگەلێکی هەستیارو ناعەقڵانین‌و هەردەم دیکتاتۆر خوڵقێن بووەو کەمتر باوەڕبەخۆن.

"ولاتانی ئوروپایی بۆ بەردەوام بوون بە مانەوەی خۆیی ناچار بوو کە پشت ئەستوور بە یاساکان بن‌و ئەم تایبەتمەندییە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئاخێوەی ئازادی‌و دادپەروەری لەنێو ئەم کۆمەڵگایەدا، لە حاڵێکدا کە لە ئاسیادا رۆح بەربەڕیەت‌و کۆیلەتی سەرپشکە"[34].

"هەروەها مۆنتسکیۆ لە کتێبی حەڤدەهەم بەشی شەشەمی رۆحی یاساکان دەنووسێ: رۆژهەڵات هەمیشە جێگای ئیمپراتووری گەلی گەورە بووە. لە رۆژئاوادا وەها ئیمپراتوورگەلێك بەدی ناکرێ. کەوابوو دەسەڵاتی سیاسیی لە رۆژهەڵاتدا دەبێ بەردەوام دیکتاتۆرانە بێ. چوونکە ئەگەر کەڵمەی کۆیللەتی بەهێز نەبێ ئەو ئیمپراتوورییەت تووشی لەتبوون دەبێ. ئەمەش دیارە لەگەڵ سروشتی جوغرافیایی ولاتە رۆژهەڵاتییەکاندا تەبایە"[35]

"گۆتە" شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی دەڵێ:

**دەنگ هەڵبڕینو بڵێین**

**ئاخۆ ئەوم عەزابە**

**کە خۆشبەختی زۆرتر لە ئێمە دەهێنێ**

**دەبێتە هۆی ئازارەکانمان**

**بۆچی لە حکوومەتی تەیموردا**

**ژمارەیەك زۆر لە مرۆڤەکان ئەکوژران.** [36]

ئەگەر لە روانگەی فەلسەفییەوە بڕوانینە دیکتاتۆریەتی رۆژهەڵاتی دەبینین کە فەیەلەسووفەکان وەك هێگێل، نیچە، مارکس، ئینگلس، کانتو .. تێرامانی خۆیان لەهەمبەر رۆژهەڵاتەوە هەیە، بۆ نموونەهێگێل دەڵێ:" چین ، ئێران، تورکیە بە شێوەیەکی هەمەکی (کلی) رۆژهەڵات، سەرزەمینێکی دیکتاتۆریەتە. رۆژهەڵات مەیدانی سەرهەڵدانی خراپترین رژێمە ستەمکارەکانە". [37] ماکیاویلی لە بەرهەمە بەناوبانگەکەی بە ناو "شهریار"دا دەڵێ:"بەسەر وڵاتانی تورکنشیندا تەنیا تاکە کەسێك حکووم دەکاو ئەوانی دیکە کۆیلەن.

## 2ـ4 ) کۆلۆنیالیزم و ڕۆژهەڵاتناسی

کۆلۆنیالیزم، پرۆسەیەکی مێژوویی‌یە کە دەستپێکی بۆ سەدەی هەژدەهەم .ز. دەگەڕێتەوە، سەردەمێك کە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوایی بە ئامانجی دۆزینەوە کەرەسەی خاو لەمەڕ دابینکردنی پێداویستیەکانی کارخانەو کارگە پیشەیی‌و ڕێکخستنی بازاڕەکانی ئورووپایی بۆ بەرهەمهێنانە زۆرە پیشەیی‌یەکانی خۆیان، وڵاتانی نەریتییان خستەبەر هێرشی نیزامی‌یەوە.[38]

سەرەتای ڕۆژهەڵاتناسی لە دەورەکانی پێشودا، ئاوێتەیەك لە ئاخێوێك کە ئاین‌و کولتوور ڕۆڵێکی بەرچاوی دەگێڕا، واتە ئاخێوێك لە نێوان گەمەی ئیسلام‌و کولتووری ڕۆژهەڵات‌و مەسیحییەت‌و یەهودییەتی ڕۆژئاوا. تەوەری سەرەکیی ئەم ڕەوتە لە توێژینەوە بۆ ناسین‌و شرۆڤەی ڕۆژهەڵات، توێژینەوەیەکی تا ڕادەیەکی ئیدئۆلۆژی‌و ئاخێوێکی سوونەتی‌و شێوەیەك بەرگری لە ڕۆژهەڵات‌و دەس ڕاگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتدا بوە. بەڵام کاتێك شۆڕشی پیشەسازی سەری هەڵداو گووتاری مودێڕنیزم سەرهەڵدەدا، کاتێك پیشەسازی بە وزەی ماشێنی هەڵم گەشە دەکا، سەرمایە ئەسپی خۆی لە مەیدانی ناوچەکانی جیهان دەخاتە گەڕ، ئەو کات دەوڵەتە نوێ‌و دەوڵەت ـ نەتەوەکان سەرهەڵدەدەن. پرۆسەیەك کە دەوڵەت پێکدێنێ‌و سیستمی فئۆداڵ‌سالارەکان کەمڕەنگ دەبێتەوەو چینێکی بورژوا لە فۆرمی دەوڵەت درووست دەبێ‌و مەیدانێکی ئاوەڵا بۆ دۆزینەوەی سەرمایە لە بەر خۆیاندا دەبینن. سەرمایە وەك ئەوەی کە ناتوانێ ڕاوەستێ ئەوا هێرش دەباتە سەر ناوچەکانی‌ترو لە پاوانی خۆی

دادەنێ. لەم قۆناغەدا ئیستێعمارو کۆلۆنیالیزم، بە تەواوی دەکەوێت نێو گەمەی ئاخێوی ڕۆژهەڵاتناسی. سەدەی 18و 19، دیاردەی کۆلۆنیالیزم بە ماناکەی خۆی دەرکەوت. وڵاتانی کۆلۆنیال لەم دوو سەدەیەدا، بە دوای پەرەگرتنی ناوچەی داگیرکاری خۆیانو لەسەر بنەمای توێژینەوەیەکی چڕوپڕ لەسەر ڕۆژهەڵات وەك ناوەندێکی بەهێزو کانگای سەرمایە دەکەوێتە گەڕ. لەم ڕوویەوە ئەو هەوڵانەی کە ڕۆژهەڵاتناسانە بە هۆی ئەو توێژینەوەیە کە کۆلۆنیالیزم ئیدارەی دەکا دەبێتە توێژینەوەیەکی گەورەو ناوەندە بەهێزەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ڕۆژهەڵاتو ئەو ناوچانەی دیکە کە لەبەر هێرشی کۆلۆنیالیزمدا بوون. بەو هۆیەوە کە کۆلۆنیالیزم ڕێگە خۆشکەرو هێڵناسەکان، ڕۆژهەلاتناسی لە بواری ئابووریی ـ فەرهەنگی ـ سیاسییەوە بوو، کەوابوو بزاڤی ڕۆژهەڵاتناسی هێژموونی خۆی لە چوارچێوەی سەرمایەو کولتوورو سیاسەتی کۆلۆنیالیزمەوە دەخاتەگەڕ. بەڵام بۆچوونی مارك لەمەڕ ڕۆڵی کۆلۆنیالیزم لە گۆڕاندنو مودێڕنیزە کردنو توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان لەرادەبەدەر ماتریالیستیو پۆزیتڤیستیە.

لە نێوان سەدەی 18و 19، ڕۆژهەڵاتناسی بە ڕەوتێكو شێوەیەکی تایبەتی لە لێکۆڵینەوە لە سەر ڕۆژهەڵات ناودێر دەکرێ. لە کاتێکدا کە نووسەرو لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکان لە بە بڵاوکردنەوە کتێبو نووسراوەکانیان لەسەر ڕۆژهەڵات پێکهێنەری ئاخێوێك بوون کە توانی لە کۆڕو کۆمەڵە ڕۆژئاواییەکاندا ناوەندە لێکۆڵینەوەکان دابمەزرێ. ئەوەی کە

لەسەر ڕۆژهەڵات بنووسێت ڕۆژهەڵاتناس ناگوترێ‌و بەڵکوو ڕۆژهەڵاتناس یان ئۆریانتالیست کەسێکە کە لەسەر ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی تایبەت دەکۆڵێتەوەو دەنووسێ‌و بە ئاکامی تایبەتی دەگا. هەر بەم هۆیەشەوەیە کە ڕۆژهەڵاتناسی دەکەوێتە سەر خانەی ئاخێوی زانستییانەوە.

لە ڕۆژهەڵاتناسی سەدەی هەڤدەهەمدا، دووبارە ڕەنێوهێنان (بازتولید) "فورموولی ڕۆژهەڵاتناسی" دەبینرێ، بەڵام ئەمجارە شێوازێکە تەواو تایبەتی‌و زانستیانە کە لە مەڕ دابین‌کردنی پێداویستییەکانی ئابووری ـ سیاسی، ڕۆژئاوایە.[39] ئاکامەکانی ئەم توێژینەوەیە، پەرەسەندی ئاخێوی ڕۆژهەڵاتناسی لە شێوازی ناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتناس‌و ئەنیستیتۆکاندا بۆ باشتر ناسین‌و ئاکادمیك ناساندی ڕۆژهەڵات بوو. کەوابوو ئاخێوی ڕۆژهەڵاتناسی لە لایەن نووسەرانەوە بە کۆمەڵێك کەرەسەی نوێ‌و پێناسەی مودێڕن، دێنە گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتناسییەوەو لە پێناسەیەکی کورتدا دەتوانین بڵێین کە دەستپێکی "ڕۆژهەلاتناسی مودێڕن"ە. لە تێڕوانینێکی گشتی‌دا دەتوانین بڵێین: تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دو جۆر ڕۆژهەڵاتناسی دەتوانین ناوبەرین: یەکەم ڕۆژهەڵاتناسی ئورووپایی کە پرۆژەیەکی گشتگیر بووە لە لایەن وڵاتانی وەك ئینگلیس، فەڕانسە، پورتەغاڵ، ئاڵمان‌و...هتد. هەروەها دووهەم ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکایی کە لە دوایی شەڕی دووهەمی جیهانی هاتە نێو ئەو بازنەوەو پێش لەم ڕەوتە ڕۆژهەڵاتناسی ئورووپایی باو بوو.

## پێکهێنانی یەکەمین کۆنگرەکانی ڕۆژهەڵاتناسی

روانگــە چــڕوپڕەکانی وڵاتــانی داگیرکــەر لەمــەڕ ڕۆژهەڵاتناســی ئــەوەی دەخواست کە نێوئاخنی ڕۆژهەڵات وەك تەوەرێکی کولتــووری ـ سیاســی ـ ئابووری بناسرێتو میتۆدیێ: هــەبێ بــۆ کۆکردنــەوەو کەڵەکــەکردنی ئــەو توێژینەوەو روانگە جیاوازانە کە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە ئەهاتە گۆڕێو ئاکامەکەی گرتنی کۆنگرەیەکی بەرین لە لایەن ڕۆژئاواوە بوو. "یەکــەمین کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسی لــە ڕۆژانــی یەکــەم تــا یازدەهــەمی ســێپتامبری 1873 لە پارسی پێكهات. بەڕێوەبەری ئەم کۆنگرەیە چینناسێکی ناودار بە ناو "میرژنی" لە دەوڵەمەنەکانی فەڕانسە بــوو، لــە ئەســتۆ گــرت"[40] لەمە بەدواوە یەكلەداوی یــەك کۆنگرەکــان لــە وڵاتــانی دیکــەدا دەگــیراو ڕۆژهەڵاتناسی لە شێوازێکی ئاکادمیك پەرەی سەند کە لــە ســێ قۆنــاخی جیاواز دا کۆنگرەکان بەڕێوە دەچوون:

ـ لەسەرەتاوە (1873) تا شەڕی جیهانی یەکەم (1914 ـ 1873)

ئەم قۆناخە لە کۆنگرەی پاریسەوە دەست پێدەکاو بــە کــۆنگرەی "ئــاتن" کۆتایی دێ. لەم دەورە 39 ساڵەیەدا 16 کۆنگرە لەمــەڕ ڕۆژهەلاتناســی بەڕێوەچــوو کــە پاشــاکان، پرنســەکان، فراماســۆنەکان، بورژوواکــان، وەزیرەکــانی کاروبــاری دەرەوەی وڵاتــانی ئــەفریقاو ئاســیاو ... لــەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوون.

ـ لە کۆتاى شەڕى جیهانى یەکەم تا دەستپێکى شەڕى جیهانى دووهەم:
ئەم دەورەیە بە کۆنگرەى "ئاکسفۆرد" دەست پێدەکاو لە کۆنگرەى "بروکسل(20)" کۆتایى پێدێ. لەم دەورەیەدا هەۆى ڕوودانى شەڕو ئاڵۆزى نێوان ئورووپا کۆنگرەکان کەوتە دواوەو لەو ماوەیەدا 4 کۆنگرەى پێکهاتو زۆرتر فەراماسۆنەکان تاونیان ڕۆڵێکى بەرچاوییان هەبێ.
ـ لە کۆتایى شەڕى دوهەمى جیهانیى تا کۆنگرەى 28، (1970 ـ 1948.ز)

ئەم دەورەیە بە کۆنگرەى پاریس (21) دەست پێدەکاو بە کۆنگرەى پاریس (29) کۆتایى دێ. لەم قۆناخەدا زۆر لە توێژینەوکانى فەرهەنگى، مێژوویى، ئانترۆپۆلۆژى (مردمشناسى)و ئابوورىو ... هتد هاتە مەیدانەوەو بە شێوەیەکى نوێترەوە ڕۆژهەڵاتناسى کەوتەگەڕ. کۆتایى ئەم کۆنگرەیە لە لایەن ناوەندەکانەوە، زهێزەکانەوە، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان هاتنە بازاڕى ڕۆژهەڵاتناسییەوەو زۆر لە توێژینەوەکان بوارى: مودێڕنیتە، جیهانیبوون، ئیسلامناسى، کێشەى کورد، کێشەى فەلستینو ئیسرائیل، نەوت،... هاتنە ئاراوە.
جۆرەکانى ڕۆژهەڵاتناسى هاچەرخ بریتین لە:

1ـ ڕۆژهەڵاتناسى سەرمایەدارى
2ـ ڕۆژهەڵاتناسى ڕۆشنگەریخوازى
3ـ ڕۆژهەڵاتناسى سوسیالیستى

4ــ ڕۆژهەڵاتناسی پێکهاتەخوازیی(ساختارگرایی)و پێکهاتەشکێنی (ساختارشکنی)

5ـ ڕۆژهەڵاتناسی پۆست مودێرنیزم

6ـ ڕۆژهەڵاتناسی کلۆنیالیزمی نوێ

7ـ ڕۆژهەڵاتناسی ئیسلامخوازیی (اسلامگرایی)

8ـ ڕۆژهەڵاتناسی ڕەخنەخوازیی (انتقادگرایی)

9ـ ڕۆژهەڵاتناسی ڕەگەزپەرستی

....هتد کە لە پانتای ئاخێوی ڕۆژهەڵاتناسیدا هاتۆتە مەیدانی شرۆڤەو لێکۆڵینەوە لە مەڕ ڕۆژهەڵاتو ژیارەکانی ڕۆژهەڵات.

# باندۆری بەجیهانیبوون لەسەر ئاخێوی ڕۆژهەڵاتناسی

بەجیهانیبوون وەك دیاردەیەك كە ئەوڕۆكە ڕۆنانی هەموو بوارەكانی ڕامیاری، كولتوور، ئابووریو جڤاكی كۆمەڵگای مرۆییو گرێدانی لە "گوندێكی چووكەی جیهان"یدا، بۆتە مژاری كۆڕو كۆمەڵە نێونەتەوەییەكانو مشتو مڕێكی بەرینی لەسەرەو بۆتە هێزێكی فرە ڕەهەندو گۆڕانخواز لە بەستێنەكانی ئەوڕۆكەی جیهانداو پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسیش كەوتۆتە قەیرانەوە. بە سەرنجدان بە تێڕوانینە جیاوازەكان لە بارەی جیهانیبونەوە دێتەبەرباسەوە، هێندێك بە درێژەدەری سیستمی ئێستعماریو هەندێكی دی بە ڕەوتێكی سروشتیو گۆڕانێك لە پێوندە كۆمەڵایەتی ـ ئابووری ـ كولتووری، ڕامیارییەكانو هەندێكی دی بە ڕەوتێكی پێكهێنەر لە پێكهێنانی هەڕەشەكانو هەلو دەرفەتەكانو پێداویستییەكان كە لە بەردەم كۆمەڵگادا دێنەبەر ڕاڤەو تێڕامانەوە. كولتووری كۆمەڵگاكان سەرەتا توانیویەتی گوندێكی خێڵەكی پێكبێنێو دواتر وەك تافلرەكان دەڵێن دوو جۆر لە ژیاریان پێكهێناوە: "ژیاری وەرزێریو ژیاری پیشەسازی، لە ژیاری وەرزێریدا نەتەوەكانو كولتووەكان ماناو واتاكانیان كزو لاواز بوو یان هەر بوونیان نەبوو و شەڕەكان نێوان شازادەكانو شاكانو فئۆدالەكان بوون، بەلام بەهاتنەئارای شۆڕشی پیشەسازیو دروستبوونی شارەكان، زاراوەكانی شارنشینیو شارستانییەت هاتنە نێو ئەدەبیاتەوەو تێكەلاوبوونی كولتووەركان وەك هێمایەك لە

جیاوازییەکانو پێشقەچوونی پیشەسازیو شارنشینی دەرکەوت، لێرەدایە کە شەڕەکان زۆرتر نێوان دەوڵەتەکانو نەتەوەکان هاتە ئاراوە"[41]. "بەجیهانیبوون تەنیا رەوتێکی ئابوری ـ رامیاری نیە، بەڵکوو رەوتێکی مەعریفیو شووناسییە کە پرسگرە زەینیئ ئانتالۆژییەکانی مرۆڤ، تووشی گۆڕانو وەرچەرخان کردوە."[42]

" رونالد رابرتسۆن: جیهانیبوون رەوتێکی کۆمەڵایەتییە کە لەودا چوارچێوە سنووردارەکانی جوغرافییای کە ساباتی بە سەر پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی داکێشاوە، لەنێودەچێو خەڵکیش بەم کەمبوونەوەیە رۆڵێکی ئاگاییان هەیە. جیهانگیری کۆمەڵێکی چڕوپڕ لە رەوتەگەلی جیاواز بەڵام پێوەندیدار بە ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتیو هەروەها سیاسیو نیزامییەو کە هاوکێشەکانی جڤاکی لە درێژەی دۆخێکی درێژماوەی مێژوویی‌دا لەبەراوردی جیهانیداو شیاوی دەستڕاگەیشتن لە ئاست جیهان گۆڕان پێدەهێنێ." [43] جیهانیبوون دوو دەستپێکی مەزنی هەیە لە دیرۆکی مرۆژایەتیی‌دا هەڵقوڵاوە کە:

ـ ئاخێزگەی لە بنەمافکرییەکانی ئایینی (ئیسلام، مەسێحییەتو ...)

ـ ئاخێزگەی لە سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی

جیهانیبوونو پرۆسەی جیهانگیری سەرچاوەگرتوو لە بناژۆ ئایینییەکانەوە، سەرەتا لە رۆژهەڵاتەوەو دواتر وەك پرۆسەیەکی فراوانخوازیو دەستڕاگرتن بەسەر رۆژهەڵات لەلایەن ئایینی مەسێحییەتیش کەوتە گەڕەوە کە لێرەدایە پرۆژەی رۆژهەڵاتناسی لە

سەدەکانی پێش لە ناوەڕاستو دواترو ... تادەگاتە شۆڕشی پیشەسازیو وەگەڕکەوتنی سەرمایە، ئاخێوێك بوو لە نێوان ململانێو ناسینو راڤەی ئایینیو بنەمافکرییەکانی رۆژهەڵاتناسی سەرچاوە لەم پرۆسەیەوە دەگرێ. ((لە ررانگەی مارکسیستە نوێگراکانەوە وەکوو: "فرانك و والترشتاین" نیشانەکانی بە جیهانی بوون کاتێ دەستی پێکرد کە توخمی سیستیمی جیهانی بەستراو و ئەم مێژووە دەگرێتەوە بۆ **2500** ساڵ بەرلەدایك بوونی مەسیح، و لەراستی دا ئەوان پێنج هەزار ساڵ مێژووی سیستمی جیهانی و بە پێی ئەوە لە **5000** هزار ساڵ لە مێژووی بە جیهانی بوون قسە دەکەن"تیشك. تاقمێکی تر لە بیرمەندان کە خاوەنی روانگەیەکی بە نیسبەت یەکسانن، مێژووی بە جیهانی بوون بە هەمان مێژووی شارستانیەت دادەنێن کە نیزیك بە 1500 ساڵ بەر لە زایین و لەسەردەمی باستان و شارستانیەتی سومرییەکانەوە دەست پێدەکا.[44]

بۆیە ئەم هزرەجیهانگیریخوازە سەرەتا بە "بینالنهرین"وە بۆ رۆژئاواو لە دەورانی مودێرنیشدا لە رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات.

شۆڕشی پیشەسازیو گوڕمی بەهێزی مودێرنیزم، وەگەڕخستنی سەرمایە، گەڕان بەدوای کەرەسەی خاو، پێکهاتنی دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوە،...پرۆژەی رۆژهەڵاتناسی نەتەنیا پرۆژەیەك بۆ ناسینی کولتوورو ئایینی رۆژهەڵاتی بوو و لەمپەرێك بۆ هێرشی رۆژهەڵات، کەچی سەرمایەداری هەوڵێکی دەستڕاگەیشتن بەسەر رۆژهەڵات وەك سەرچاوەیەك بۆ پەرەپێدانو گەشسەندنی سەرمایە چاوی لێدەکرا. میراتی شۆڕشی

پیشەسازی، نوێبوونەوە، شۆڕشی فەڕانسە، سەرهەڵدانی چەمکە سیاسیو ئابوورییەکان، کردنەوەی قوتابخانەکانو ناوەندە زانستییەکان لەسەر ڕۆژهەڵاتناسی، ... لە واقیع دا بنیاتنانەوەی ژیاری ڕۆژئاوا وەلانانی شارستانسیەتی سوونەتیو سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم. لە نێوئاخنی ئەم باسەدا، گیدێنز دەڵی" بەجیهانیبوون ڕەوتێکە کە بۆتە هۆیی بەرینتربوونی کەلێنو زیادبوونی بۆشایی نێوان "کات"و "شوێن"دا" یان نووسەرێکیدی دەڵێ ((بە جیهانی بوون کۆمەڵگایەکی ڕهاو تەواو نیە، بەڵکوو قۆناغێکی نوێیە کە لەگەڵ تایبەتمەندیو گرژیگەلی تایبەت بە خۆی کە وەلامی مرۆڤایەتی دەوێ.)) [45]

واتە سنوورەکان ناتوانێ پێش بە ڕەوتی بەجیهانیبوون بگرێو بێئەملاوئەولا خۆی لە هەموو کونو قوژبنەکان دەکوتێو تەواوی کەلێنەکانی جیهان دەتەنێتەوە. ڕۆژهەلاتناسی وەك پرۆژەیەك لەمەڕ ناسینی ڕۆژهەڵاتی و ژیارەکانی ڕۆژهەلاتی، تووشی قەیرانێکی ئەوتۆ هاتووە کە لە دووپرسیاردا دەتوانین بڵێین کە:

1ـ جیهانیبوون تا چەند دەتوانێ بەرپرچدانەوەی پرۆژەی پاوانخوازییانەی ڕۆژئاوایی بێ لەمەڕ ڕۆژهەلاتەوە؟

2ـ جیهانیبوون تا چەند دەتوانێ بانۆری ئەرێنی لەسەر ڕۆژهەلاتناسی هەبێ؟

"پرۆفسۆر ترنر دەڵێ: بەجیهانیبوون پێویستی بە توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی کەمڕەنگتر کردۆتەوە، لە سەدەی هەفدەهەم بە دواوە

ڕۆژهەڵاتناسی واتایەکی قووڵ لە "ئەوی دی" لە پێوەندی لەگەڵ کولتوورەکانی نامۆ هێنایە بەرباسەوە. لە ڕاستیدا، ئەم واتایەیی "ئەوی دی" بەردی بناخەی پرۆژەی مرۆڤناسی سوننەتی داڕشتووەو ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاوایی، جیهانیان لەسەر بنەمای ڕۆژئاوا و "ئەوی دی" واتە ڕۆژهەڵات وێنا کردوە"[46]

لێرەدا لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە مژاری ڕۆژهەڵاتناسی دێتە ئاراوە کە ڕۆژئاواییەکان لێیدەکۆڵنەوە. یەکەم ڕۆژهەڵاتناسی پرۆسەیەکە بۆ ناسین، لێکۆڵینەوە، توێژینەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتو هیچ مەبەستێکی پاوانخوازی تێدا بەدی ناکرێتو ئامانج ناسینی ئەم بەشە لە کولتوورە جیاوازەکانی جیهانە. لێرەدا ڕۆژهەڵاتناسی لە ئامبازبوونەوەی لەگەڵ بەجیهانیبوون هیچ ناتەباییەکی نیەو دەتوانێ هاوتەریب بە گلوبالیزم بڕواتە پێش. بەڵام لێرەدا ململانێی سوننەتو مودێرنیتەیە. کە ڕۆژهەڵات سەرچاوەی سوننەو ڕۆژئاواش سەرچاوەی مۆدێرینزم.

ڕوانگەی دی ڕۆژهەڵاتناسی وەك پر ۆژەیەك دێتە گۆڕەپانەوە کە بەجیهانیبوون دەبێتە لەمپەرو ناتوانێ مەبەستەکانی بپێکێ. کەواتە لێرەدا ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گلوبالیزم تووشی قەیرانێکی ئەوتۆ دەبێو مەبەستەکانی ناتوانێ گەڵاڵە بکاو لە هەمان کاتدا پاوانخوازی ئاخێزگەی لەم بیرەوەیە کە دەستڕاگرتن بەسەر ڕۆژهەڵات لە توێژینەوەکانیدا ئامانجەکەیەتی.

**وەك كۆتایی پەیڤ:**

توێژینەوەكانی رۆژهەلاتناسی لە باری پێكهاتەی مێژووییەوە لە سێ بەستێنی مێژوویدا گۆڕانی بەسەرداهاتووە كە:

1ـ گۆڕانكارییەكانی جیهان لە سەرەتای دیرۆكی رۆژهەلاتناسی تا بە ئێستا

2ـ گۆڕانی سیستمی جیهانیو سەرهەلدانی ئیدۆلۆژییەكان

3ـ گوندی جیهانی لە نێواخنی گلوبالیزم

بێگومان هەر پرۆسەیەكی گشتگیری جیهانییو بە تایبەت رۆژهەلاتناسی، لەسەر ژیاری كورد وەك كۆنترین ژیاری ئەم ناوچەیە، بێكاریگەر نەبوە. بۆیە ژیاری كورد گۆڕەپانی پێكدادانەكانو پێكداچوونە مێژووییەكانی كولتوورەكان بوە، ئەو سەفەرانەی كە گەڕیدەكان بە نێو كوردستاندا هاتوون لە گەزنەفوون بگرە هەتا نووسەرانی هاوچەرخی وەك واسیلی نیكێتین، جاناتان رەندل، كریس كۆچیراو ...، كە لەسەر كوردو كوردستان دەنووسن، ئاخێوی رۆژهەلاتناسیو كاریگەرییەكانی لەسەر ژیاری كورد هەلگری پرسێكی بەرینترەو هەنووكە رۆژهەلاتناسەكان لەژێرناوی "كوردۆلۆژی (كوردناسی)" كوردستان دەخەنە بەر راڤەو لێكۆلینەوەوە. ئەگەر مەودا هەبوو لە داهاتوودا كاریگەرییەكانی رۆژهەلاتناسیو رەوتی مێژوونووسی كورد لای رۆژهەلاتناسەكانەوە دەخەینە بەر راڤەو لێكدانەوەوە. بۆیە ئاخێوی رۆژهەلاتناسی دەرخەری

"ئاوەژوو نووسینی" مێژووی کوردو یان "راستەقینە نووسیینی" دیرۆکـی کورد، لە ئاخێزگەی ئەم پرۆسەیە هەنووکەیە.

# ژێدەر:

1ـ ماڵپەڕی: خبرگزاری گروه دین و اندیشه "مهر"، نقد کتاب "شرق شناسی"

2ـ ماڵپەڕی: نیمروز(www.Nemrooz.com)

3ـ هەمان سەرچاوە

4ـ هەمان سەرچاوە

5ـ هەمان سەرچاوە

6ـ ماڵپەڕی: ماڵپەڕی: خبرگزاری گروه دین و اندیشه "مهر"، نقد کتاب "شرق شناسی"

7ـ هەمان سەرچاوە

8ـ هەمان سەرچاوە

9ـ ماڵپەڕی: www.qodes.org، تأثیر شرق شناسی بر تاریخ معاصر ایران، احمد رهداری

10ـڕۆژهەڵاتناسی لە نێوان مەعریفەو ئایدۆلۆژیادا/ عەیاد محەمەد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ ژمارە 22

11ـ نظریه و نقد پسامستعمراتی، هانس برتس/ ترجمه: بختیار سجادی، گۆڤاری زرێبار، ژمارەی 57/56.

12ـ هەمان سەرچاوە

13ـ ماڵپەڕی: www.qodes.org، تأثیر شرق شناسی بر تاریخ معاصر ایران، احمد رهداری
14ـ نظریه و نقد پسامستعمراتی، هانس برتس/ ترجمه: بختیار سجادی، گۆڤاری زرێبار، ژمارەی 57/56.
15ـ هەمان سەرچاوە.
16ـ ڕۆژهەڵاتناسی لە نێوان مەعریفەو ئایدۆلۆژیادا، عەیاد محەمەد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ ژمارە 22
18ـ هەمان سەرچاوە.
19ـ تاریخ اندیشه و نظریەهای انسان شناسی، ناصر فکوهی
20ـ هەمان سەرچاوە
21ـ ماڵپەڕی: خبرگزاری گروه دین و اندیشه "مهر"، نقد کتاب "شرق شناسی"
22ـ چاوخشاندنێك بەسەر مێژوی جیهاندا(نگاهی به تاریخ جهان)، نهرو، جواهرلعل
23 ـ ڕۆژهەڵاتناسی لە نێوان مەعریفەو ئایدۆلۆژیادا، عەیاد محەمەد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ ژمارە 22
24ـ چاوخشاندنێك بەسەر مێژوی جیهاندا(نگاهی به تاریخ جهان)/ نهرو، جواهرلعل
25ـ تاریخ اندیشه و نظریەهای انسان شناسی، ناصر فکوهی

26ـ ماڵپەڕی: www.qodes.org، تأثیر شرق شناسی بر تاریخ معاصر ایران، احمد رهداری
27ـ هەمان سەرچاوە.
28ـ هەمان سەرچاوە.
29ـ هەمان سەرچاوە
30ـ چاوخشاندنێك بەسەر مێژوی جیهاندا(نگاهی به تاریخ جهان)/ نهرو، جواهرلعل
31ـ ڕۆژهەڵاتناسی لە نێوان مەعریفەو ئایدۆلۆژیادا، عەیاد محەمەد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی/ ژمارە 22
32ـ ڕۆحی یاساکان(روحاالقوانین)، مۆنتسکیو/ و: ئیدریس شێخ شەرەفی
33ـ پایگاە رسمی انتشارات "سورە مهر"، نقد کتاب "شرق شناسی"
34ـ ڕۆحی یاساکان(روحاالقوانین)، مۆنتسکیو/ و: ئیدریس شێخ شەرەفی
35ـ هەمان سەرچاوە.
36ـ گۆڤاری زرێبار/ ژمارەی 55و 56، کورتە مێژووی چەمکی دیکتاتۆرییەت، کارل ویتفۆگل ، و: محمد کریمی.
37ـ هەمان سەرچاوە.
38ـ کولونیالیسم فرهنگی، بهزاد خوشحالی
39ـ تاریخ اندیشه و نظریەهای انسان شناسی، ناصر فکوهی
40ـ ماڵپەڕی: www.qodes.org، تأثیر شرق شناسی بر تاریخ معاصر ایران، احمد رهداری

41ـ ماڵپەڕی رۆنان، فرایند جهانی شدن و آینـدەی فرهنگـی ملـتهـا، بەرزان غەفوورى
42 ـ سەروتار، عادڵ محەممەدپوور/گۆڤاری زرێبار ژمارەی 55، 83
43ـ ماڵپەڕی رۆنان، فرایند جهانی شدن و آینـدەی فرهنگـی ملـتهـا، بەرزان غەفوورى
44ـ شرۆڤەی واتای بـەجیهانیبوونو کاریگـەری لەسـەر ناسـیونالیزم/ و: شەریف فەلاح، گۆڤاری تیشك/ ژمارەی 18
45ـ ماڵپەڕی رۆنان، فرایند جهانی شدن و آینـدەی فرهنگـی ملـتهـا، بەرزان غەفوورى
46ـ ماڵپەڕی: www.qodes.org، تـأثیر شرق شناسـی بـر تـاریخ معاصر ایران، احمد رهداری


KORG
TISHK